# چەمکی خودا بوون

نوسینی :فؤاد عثمان

## وتەی نوسەر

خەڵک وا تێگەیشتون کە دەبێ تەنها لە ڕێگەی ئاینەوە بزانن خوا چیە. ئاین دەبێ ڕێنماییان بکات خودا چیە. لە کاتێکدا بابەتی خودا بابەتێکی (خود)یە بە پێوەری خود هەڵسەنگاندن بۆ خودا دەکرێ نەک بە پێوەری ئاین. خودیش دوای ئەزموون کردن خودا دەناسێ . واتە ئەگەر ئاینیش نەبێ ، خوداناسی هەردەبێ. لە بنەڕەت دا خوداناسی ئاینی دروست کردوە.

بەڵام ئارێشەی ئاین بە جۆرێکە کە باوەڕێکی وای دروست کردوە کە ئەگەر ئاین نەبێ ، واتە خودا نیە ،یان ئەگەر ئاین نەما ، ئەوا شتێک نامێنێ بەناوی خوداناسی.

بۆیە پێویستە خوداناسی بەتاڵ کەینەوە لە سیحروتەڵەسمیاتی ئاین و پاکری کەینەوە لە تەڵەو فێڵی ئاین و بەکارهێنانی ئاین وەک قەڵغان لە پێناوی خۆ کردن بە نوێنەری خودا.

لە ڕاستیدا هەموومان نوێنەری خوداین .چونکە نوێنەرایەتی خودا موڵکی گشتە نەک تاک و تایبەت.

بۆیە منیش لەم سۆنگەوە، دەستم دایە نوسینی ئەو کتێبە بە ناونیشانی (چەمکی خودابوون) ئەو کتێبە دەروازەیەکە بۆ ناسینی خودا بەو شێوەیەی کە پیرۆزیەکانی خودا لە خودو ناخ دا جێگیر بووە. لە ڕێگەی ئەو کتێبەوە، فێر دەبێ چۆن دەرفەت بەخۆت بدەی لە چۆنیەتی خوداناسی دا بەو شێوەیەی کە خۆت دەتەوێ. بەبێ ئەوەی باوەڕبوون بە خودا لەم ئاین و لەو ئاین و لەم ئایدۆلۆژیاو لەو ئایدۆلۆژیا ،قەرز بکەی. یان ببیتە پاشکۆو شوێنکەوتەی بۆچوون و تێگەیشتنێکی دیاری کراو، یان کۆت و بەند بی لەناو فەلسەفەیەکدا.

ئەم کتێبە تۆ دەخاتەوە سەر ڕێگە ڕاستەقینەکەی خۆت.ئەو ڕێگەیەی کە ڕووناکیە بۆ هەموو ڕەهەندەکانی ژیان و بیروبۆچوونت.

هەرکەسەو بەڕێگەی خۆی ،بەڕێگادا دەڕوا بۆ ئامانجی بۆچوونەکانی خۆی

ئەم کتێبە خودا دەکاتە ئاوێنەیەک و بوونی ڕاستەقینەی خۆتی تێدا دەبینی. هیوادارم سوود بەخش بێت و کات بەفیڕۆ دان نەبێ.

ڕێزو خۆشەویستی براتان قەبووڵ بفەرموون

فۆادعثمان .

21/8/2023

## پێشەکی

هەموو ئەو بابەتانەی لەو کتێبەدایە، پێشتر لە فەیسبووک بڵاوم کردوونەتەوەو لەو کتێبەدا کۆم کردونەتەوە . لەوانەیە شێوازێکی لە نوسینی سەر پێیی پێوە دیار بێ ، یان بابەتەکان پێویستی بە زیاتر لێ وردبوونەوەو قوڵبوونەوە هەبووبێ. یا پێویستی بە سەرچاوە هەبووبێ . بەڵام لەبەر ئەوەی کتیبێکی تایبەتە ، بۆیە پێم باش بوو تەنها (خود) سەرچاوە بێ بۆ گشت بابەتەکان بە پشت بەستن بە ئەزموون و قوڵبوونەوەو تێڕامان.

ئەم کتێبە بانگەشە نیە بۆ هیچ ئاینێک ، بگرە جیاکردنەوەی خودایە لە ئاینەکان و لکاندنەوەی خودایە بە خودی مرۆڤەوە. بۆیە پێم وانیە هیچ سەرچاوەیەک سوودی هەبێ بۆ ئەم کتێبە .چونکە ئەرشیفی هەر کتێبخانەیەک و قوتابخانەیەک ،سەرچاوەیە بۆ ئاینێک . بۆیە ناچار بووم تەنها پشت بەعەقڵ و هەست و خود و ناخ و ویژدان بدەم .

ئەم کتێبە . بابەتەکانی هەمەلایەن و گشتگیرە لەگشت بوارەکاندا . مەبەستم لایەنی خودابوون . چونکە کتێبێکی ترم لەبەر دەستە هەرلەسەر بنەمای ئەو کتێبە کە بۆ مرۆڤبوونە و دوای ئەویش کتێبێکی تر هەر لەسەر ئەو بنەمایە بۆ کۆمەڵگا واتە هەر سێ لایەنی (خودا، خود، خەلک)

بەڵام بەبێ خوێندنەوەی ئەو کتێبە، ناتوانی سوود لە کتێبەکانی تر ببینی . بۆیە داوا لە خوێنەری بەڕێز دەکەم ،تەواوی بابەتەکانی ئەو کتێبە بخوێنێتەوە . ئینجا بچێتە سەر کتێبەکانی تر .

بەهیوای سوود بینین بە هەموو لایەک .

## پیرۆزیەکان

ئاینەکان پیرۆزیەکانیان لەنێوان خۆیان و خوادا دابەش کردوە. واتە چەندەها شتیان هاوتا کردۆتەوە لەگەڵ خوادا بەناوی پیرۆزیەوە .بۆ نموونە ( حجر الاسود، کعبە، قیبلە، ئاین ، پێغەمبەر، کتێبی پیرۆز، فریشتە، وە چەندەها بابەتی تریش) بەڵام لە ڕاستیدا هەموو پیرۆزیەکان شایانی خوان .بەبێ ئەوەی هیچ لق و پۆپێکی زیاتری هەبێ.

بۆ نموونە: ئێمە هەموومان دەڵێین(خودا بێ عەیب و هەڵەو کەم و کوڕیە) لە ڕاستیدا ئەمەیە ڕاستی بنەڕەتی و حەقیقەتی پیرۆزی تەواو. بەڵام کاتێک ئەو پیرۆزیە تەواوە لە خودا دادەماڵیت و دەڵێی (ئاینەکەم بێ عەیب و هەڵەو کەم و کوڕیە) یان دەڵێی (کتێبە پیرۆزەکەم بێ عەیب و هەڵەو کەم وکوڕیە) ئەمە لە ڕاستیدا تۆ پیرۆزیت ل خودا سەندۆتەوەو زۆربەیت بەخشیوە بەو شتانەی کە خۆت لە لات پیرۆزە.

لێرەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە دوو جۆر پیرۆزی هەن .

یەکەم (ئەو پیرۆزیەی کە لە دەرەوەی ویستی مرۆڤدایە وبریتیە لە خودا) واتە: پیرۆزی سرووشتی.

دووەم ( ئەو پیرۆزیەی کە لە ژێر ویستی مرۆڤدایە و بریتیەلەو شتانەی کە خۆت بە پیرۆزیان دەزانی)واتە: پیرۆزی دەسکرد.

بۆیە خودابوونی ڕاستەقینە، لە پیرۆزیی سرووشتی دایە . کە دەرەنجامی سەد لە سەدی ڕاستیەکانە.

## نەفرەتیەکان

ئاینەکان وەهمێکیان لە حەقیقەت داتاشیوە بەناوی (ئەهریمەن ، شەیتان ، دێو)

هەموو ئەو بابەتانەی کە نەفرەتین یان نەفرەت لێکراون ، دراونەتە پاڵ ئەوە.
بەڵام لە ڕاستیدا بابەتی نەفرەتی لەنێو خودی شتەکان دایە نەک هێزێکی نەفرەتی فەرمانڕەوایی لە نەفرەت کردن بکات.

بۆ نموونە: من نەفرەت دەکەم لە دیاردەیەک لەوانەیە ئەو دیاردەیە لای تۆ ئاسایی بێ یان لەوانەیە هەر خودی بابەتەکە ئاسایی بێت و شایانی نەفرەت لێکردن نەبێ.

یان بۆ نموونە: جۆرە دەنگ و ئاوازێک سەرنج ڕاکێش بێت و جۆرە دەنگ و ئاوازێکی تر ناسازو قێزەون بێت کە مایەی نەفرەت لێکردن بێت.

کەواتە نەفرەت لێکردن بابەتێکە خۆمان دروستی دەکەین ،نەک خودا مەخلوقێکی بۆ نەفرەت لێکردن دروست کردبێ.

شەیتان تەنها بتێکی لە وەهم روستکراوە.

## ڕاستیەکی بنەڕەتی

بوونی خودا لە ئاگایی مرۆڤدا، لەگەڵ لێکدانەوە هزریەکان و هەستکردنەکان و پرسیارەکان لە دایک دەبێ و پەرە دەسێنێت و گەشە دەکات، لەو گۆشەنیگایانەوە حەقیقەتی خودا دەردەکەوێ .

خودا، بوونی هەیە ئەمە ڕاستیە بنەڕەتیەکەیە .بەڵام هەرئەوەندە نیە کە ئێمە پێی گەیشتوین . یان ئەوە نییە کە ئێمە لێی تێگەیشتوین . تەنانەت دارێک و بەردێکیش هەست بەو ڕاستیە بنەڕەتیە دەکات بەڵام بەپێی ئاستی ئەو هەست و هۆشەی کە هەیەتی . چونکە خودا بنچینەی بوونە . واتە هیچ بوونێک بێ ئەو بنچینەیە نابێت. بۆیە ئەو بوونە بەپێی ئەو پێگەو شوێنەی کەهەیەتی لە هەست و هۆش ، ئەوا هەست بەو بنچینەیە دەکات.

ئەو ڕاستیە بنەڕەتیە ، لەنێو ئاینەکاندا وبەگوێرەی ویستی دامەزرێنەرانی ئاینەکان ، لەنێو چەندەها جۆر هاوکێشەدا یاری پێکراوە. بەڵام حەقیقەتی خۆی لە دەست نەداوە .

## شوێنکەوتنی سوننەتی خودا

ئاینەکان شتێکیان داهێناوە بەناوی شوێنکەوتەیی سوننەتی پێشەواکانیان (کە بەنوێنەرو جێگری خودای خۆیانیان دەزانن). بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە شێواندنی حەقیقەتە. چونکە ڕاستیەکەی دەبێ مرۆڤ شوێن سوننەتەکانی خودا بکەوێ

بۆنموونە : ئێمە باوەڕمان وایە کە خودا حاڵەتێکە بەردەوام لەگەڵ گەشەکردنی شتەکان دایە. کەواتە دەبێ ئێمەش بەهەمان شلوە بەردەوام لەگەڵ ئەو حاڵەتەدو بین.

شتەکان بە یاسایەک گەشە دەکەن کە لەگەڵ کات بەرەو پێش دەچن و گەورە دەبن و بەرهەم دەدەن و کۆتاییان دێ ،ئەمە یاساییێکە لە گەردیلەوە تا گەردوون لە یەک خانەوە دەست پێدەکات و گەشە دەکات و گەورە دەبێت و فراوان دەبێت بە تێپەڕ بوون لەگەڵ کات و بەناو کات دا . کەواتە ئێمەش دەبێ سوود لەو سوننەتە خوداییە وەربگرین و پەلە نەکەین لە گەشەپێدانی بەهرەو نواناکانمان لە گشت بوارەکاندا.

نەک وەک سوننەتی ئاینەکان کە بەستراوەتەوە بەهەڵسوکەوتی پێشەوایانی ئاینەکانیانەوە. بۆ بە ڕوبۆت کردنی مرۆڤ و قورمیش کردنی بەهرەو تواناکان بەویستی پیاوانی ئاینیەوە.

## سۆزی خودایی

له ناخی هەریەکێکماندا سۆزی خودایی هەیە . ئەو سۆزە هەموو شتێک دەگەشێنێەوە . مرۆڤیش پێکهاتەیەکە لە پێکهاتەکانی بوون کە خاوەنی ئەو سۆزە سرووشتیەیە . بەپێی بیروباوەڕو تێگەیشتنی خۆی ، سۆز دەردەبڕێ . ئەمە پلەی مرۆڤ بوونیەتی ،لەهەمان کاتیشدا وەفاییکە بۆ ئەو هەستەیەی کە لەناخیدایە.

ئاینەکان ئەم سۆزەیان پاوانخواز کردوە بۆ مەبەست و مەرامی خۆیان و دەرفەتیان نەداوە مرۆڤ وەک خۆی ،سۆز بۆ خودا دەربڕێ . بەڵکو هاتوون دەستوەردانیان کردوەو بە فلتەری ئایندا بردوویانە تاکو کەس نەتوانێ لە تۆڕی ئاین ڕزگاری بێ . هەر سەرەداوێک کە مرۆڤ بە خوداوە ببەستێتەوە ،ئەوان سەرەداوەکەیان لە تۆڕی ئاین بەستۆتەوە تاکو هەرکات سۆزت بەهەر جۆرێک بۆ خودا جوڵا ، قاچت بکەوێتە نێو تۆڕەکەوەو بکەویتە داوی ئاینەوە.

هیچ شتێک بێ سۆزی خودایی نییە. مرۆڤیش بێ سۆزی خودایی نابێ . مرۆڤی بێ سۆزی خودایی ،ناخی تاریکە . سۆزی خودا، ڕۆشنایی بەخشە. مرۆڤ بەو سۆزەوە بژی ، هەست بەتەنیایی ناکا.

بوونی خودا یان خودابوون؟؟

کاتێک بەدوای سەلماندنی بوونی خوداوەین، تەنها کات کوشتنە . چونکە جۆگەلەیەکە ئاوەکەی دەڕژێتە ڕووباری قەبارەیەک بۆ خودا. ئەویش دەڕژێتە دەریاییێک کە جەستە دیاری کردنە بۆ خودا. ئەویش دەڕژێتە زەریاییێک کە دەست نیشان کردنی ئەدامانی جەستەیە بۆ خودا.

خودا، بوون نیە تاکو بسەلمێنرێ. بۆیە خودا بۆ سەلماندن نابێ. بەڵکو دەبێ لە بری ئەوە ، (خودابوون )جێ بکەینەوە لەنێو بیروباوەڕی خۆمان دا.

(خودابوون) لەنێو هەموو شتێکدا. چونکە خودا بنچینەی هەموو شتێکە . هیچ شتێک بێ ئەو بنچینەیە، بوونی لەسەر پێ ناوەستێ.

بەڵێ خودا بوون . چونکە (خودا :بوونە.) واتە:هەرچی هەستی پێ دەکەی ، خودایە. لە جیاتی ئەوەی بوونی خودا کۆکەیتەوە لەنێو قەبارەیەک و جەستەیەک و ئەندامەکانی جەستە. پێویستە ئەو بیروباوەڕە جێی بگرێتەوە کە (خودا:بوونە)

ئەو کاتە تەواوی بوون، واتە خودا . بەشەکانی بوون، دەبێتە پێکهاتەی خودا. خودا ڕۆڵگێڕە لە هەردوو دیوی بوون . چ لە دیوی ناوەوی شتەکان کە بەڕێوەبەرو گەشەپێدەرو جوڵێنەری شتەکانە. چ لە دیوی دەرەوەی بوون ، کە پێکەوە بەستێنەرەوەی هەموو بوونە لە پێکهاتەیەکدا.

## ڕاستیە پێکەوە بەستراوەکان.

بوون و ژیان ، ئەو دوو ڕاستیە پێکەوەبەستراوەن لەهەر شتێکدا. واتە:هەرشتێک بوونی هەبێ، بێگومان ژیانیشی هەیە. هەموو بوونێک لەنێو ژیاندا گەشە دەکات و لەدۆخێکەوە دەچێت بۆ دۆخێکی تر . بۆنموونە: هێلکەی پیتراو لەناو ڕەحمی ئافرەتدا ،بوونی لە دۆخێکدایەو ژیانی بریتیە لە جیهانی ڕەحمی دایک ،گەشە دەکا ولە قۆناغێکەوە دەچێت بۆ قۆناغێکی تر .واتە :لەخانەیەکەوە بۆ دوو خانە. دواتر لە دوو خانەوە بۆ چوار خانە ،ئینجا لە چوارەوە بۆ هەشت. تاکو دەبێتە بوونەوەرێکی بەرهەڤ بوو بۆ جیهانێکی تر . ئەمجارە لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر ،واتە لەجیهانێکی ترەوە بۆ جیهانێکی تازە (ئەو جیهانەی کە ئێمەی تێدا دەژین)بەو شێوەیە بوون و ژیان دەستەملانێی یەکترن تاهەتایە.چونکە (خودا:بوونە)و هەتاهەتاییە.وە ژیان گەشە بەو بوونە دەدا لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی ترو لەدۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر .

بەڵام جاری واهەیە (دوو بوون) یەکدەگرن بەمەبەستی پێکهێنانی پێکهاتەیەکی نووێ لە بوون دا. بۆ نموونە: زیندەوەرە ئاویەکانی سپێرمی پیاو لەگەڵ هێلکۆکەی ئافرەت

لەو بارەدا بوونێکی تازە لە دایک دەبێت و لە بارودۆخێکی تازەدا گەشە دەکات.

ئەو هاوکێشەیە تا هەتاییەو وەک (٢+٢=٤)گۆڕانکاری بەسەردا نایەت. واتە ئەگەر تەمەنی زەویش کۆتایی هات، لەهەسارەیەکی تر هەمان هاوکێشە خۆی دووبارە دەکاتەوە.

ژیان بەوشێوەیە لەنێو هەموو بوون دا بەردەوامە. هیچ بوونێک بێ ژیان نیە. بوون و ژیان، دوو ڕاستیی پێکەوە بەستراون و لێک جیانابنەوەو ئاوێتەی یەکترن.

## تەنیایی بۆچی ؟ تا کەی؟

کۆدو ژمارەی نهێنی هەر شتێک و هەرکەسێک تەنها لای خوداکەی خۆیەتی . خودا دەسکردەکان و خودای ئاینەکان نازانن ئەو کۆدە چیە ، بۆیە ناتوانن ئەو ناخە بکەنەوەو ئاوێتە بن لەگەڵیدا.

هەموو بوونێک بنچینەی خۆی هەیە واتە هەرشتێک خودای خۆی هەیە. هەموو شتێک ،خوداکەی خۆی ، وێنەدانەوەی خۆیەتی . واتە لەگەڵ هەرساتێکی پێشوەچووندا ، بەو شێوەیە خۆی نیشان دەداتەوە. کاتێک مرۆڤ کوێر دەبێ لە ئاست ئاوێنەکەی خۆیدا ، هەست دەکا بوونی نیە یان بوونی بریتیە لە تەنها وەهمێک وخەیاڵێک . خۆدۆزینەوە بریتیە لە خودا دۆزینەوە.

تەنیایی بۆچی؟

چونکە خوداکەی خۆت لێ ونە. تا لەگەڵ ئەو هەستەدا بژیت، تۆ دابڕاوی لە خوداکەی خۆت .

تەنیایی تاکەی؟

تا ئەو کاتەی خوداکەی خۆت دەدۆزیتەوە ، تۆ هەرتەنیای

واتە : باشترین پێوەر بۆ ئەوەی خۆت بناسی کە لە چ حاڵەتێکی خوداناسیدای، بارودۆخی هەست کردنە بەتەنیایی

ئەو هەستە ،هیچ پەیوەندیەکی نیە بە کەسی دیندار یان بێدین . باوەڕدار یان بێباوەڕ . چونکە لەوانەیە دیندار بێت و هەست بە تەنیایی بکات. لەوانەیە بێ دین بێت وزۆر ئاسایی ژیان بکات. لەوانەیە باوەڕدار بێت و هەست بەتەنیایی بکات و بێباوەڕ وانەبێت. بارودۆخی هەرکەسێک ، تەنها کەسەکە خۆی دەیزانێت. تەنها خۆت دەتوانی خوداکەی خۆت بدۆزیتەوە .داوا لە کەس مەکەو لەهیچ مەپاڕێرەوە.

گەشە کردن بەنێو کات دا.

لە پێش دا دەبێ ئەوە بزانین کە خودا خالیق نیە (لە بابەتێکی تردا زیاتر تیشکی دەخەمەسەر) چونکە خودا بنچینەیە بۆ بوون.

بوونی هەرشتێک لە هیچەوە دەست پێدەکا (خۆ ڕەنگە لە پێش هیچیشەوە چەندەها قۆناغی تر هەبن) ئەو بوونە گەشە دەکات بەنێو کات دا . واتە: سوننەتی خودا بۆ هێنانەبوونی هەرشتێک، بریتیە لە گەشەکردنی بەپێی تێپەڕبوونی کات.

کات چەند یەکەیەکە کە گەشە کردنی هەموو شتەکان دابەش دەبێ بەسەریدا. بچوکترین یەکەیەک کە دەستنیشان کرابێ بۆ کات، بریتیە لە چرکە ( چرکەش ئەو کاتەی کە دەیخایەنێ، بە لەرەلەری سیزیۆم دەستنیشان کراوە کە بریتیە لە

٩,١٩٢,٦٣١,٧٧٠لەرە لەرە . بەنزیک کردنەوە ، واتە نۆ ملیار لەرەلەرە لە چرکەیەکدا) موعجیزەی ڕاستەقینە ئەوەیە کە هەر لەرە لەرێک گەشەیەکی شتەکەی تێدایە .واتە لەیەک چرکەدا هەرشتێک ، نۆملیارجار گەشە دەکا . بەڵام لەبەر ئەوەی کەهێندە وردو هەست پێ نەکراوە، بۆیە ئەو هەموو گەشەکردنە تەنها بەیەک چرکەدا تێدەپەڕێ.

ئەمە یەکەیەکی کات کە گەشەکردن پێیدا تێپەڕدەبێت. دێینە سەر یەکەی دووەمی کات کەپێی دەگوترێ (خولەک) بریتیە لە (٦٠) چرکە. لەمەشیان دا ئاستەمە کە ئێمە هەست بە گۆڕانکاری بکەین لە گەشە کردندا . یەکەی سێیەم کەبریتیە لە (کاتژمێر) کە (٦٠) خولەک لە خۆ دەگرێ . لەم قۆناغەشدا ڕەنگە بە ئامرازێکی زانستی کە بەراورد بکا لەنێوان یەکەم خولەکی دەستپێک لەگەڵ کۆتا خولەکی دەسپێک ئینجا شێوازی گەشە کردن ڕوونبێتەوە. یەکەی چوارەم بریتیە لە شەوورۆژ کە ڕەنگە ڕوون بوونەوەی گەشەکردن ئاسایی بێتەوە بۆ هەست پێکردنە سرووشتیەکانی مرۆڤ ، بەبێ پەنا بردن بۆ هۆکاری زانستی کە ئەمەش بەگوێرەی گەورەیی و بچووکی قەبارەی تەنەکە جیایە.

لەسەرێکی ترەوە دابەش کردنی گەشە بەسەر کات دا بەم شێوەیەیە . چرکە بۆ گەشەی گەردیلە خانە . خولەک بۆ خانە . کاتژمێر بۆ کۆمەڵێک خانە(شانە) .شەووڕۆژ بۆ چرۆ بۆ دەرکردن (بۆنموونە لە ڕووەکدا) .هەفتە بۆ قەد. مانگ بۆ گەڵاو گوڵ . وەرز بۆ بەرهەم . ساڵ بۆ تەمەنی زەوی (ئەو زەویەی کە ڕووەکەکەی لێوە بەر دێ) . ملیارەها ساڵ بۆ گەشەکردنی زەوی . ئینجا یەکەکانی تری کات بۆ گەشە کردنی گەردوون و کۆمەڵەی گەردوون و چی و چی.

کەواتە : شتەکان لە نەبوونەوە دەچن بۆ بوون بەهۆی گەشەکردنەوە بە تێپەڕبوون بەنێو کات دا.

کەواتە هەرشتێک کە هەیە ، لە نەبوونەوە گەشەی کردوە بۆ ئەو بوونە هەست پێکراوەی هەستی پێ دەکەین.12

## فۆبیای (هیچ)

کاتێک دەڵێین : خودا بنچینەیە بۆ بوون و بوونیش لەهیچەوە (نەبوون)ەوە هاتوتە بوون، ترسێک لەناخی هەموومان دا ڕاماندەچڵەکێنێ، ئاخۆ چۆن دەبێ خودا (هیچ) بێ. بەڵام لە ڕاستیدا (هیچ) ئەو ژمارەیە نیە کە لە مێشکی ئێمەدا بێ بەهایە . چونکە ئەو هیچە گەردوونیەش بنچینەکەی خودایە. خودا ئەو بەهاوپیرۆزیەیە کە لەنێو عەقیدەی ئێمەدا ڕەگی داکوتاوەو پێ بەپێ زیاتری لەبارەوە فێر دەبین و دەزانین. ئەو فێربوون و زانستەیە کە دەبێتە بیروباوەڕ لەلامان.

بۆیە هیچیش شتە .واتە بوونە . خوداش بنچینەیە بۆ بوون. لە پێش ئەو هیچەش بێکۆتایی هەیە لە پێچەوانە بوونەوەدا

هیچ تەنها ناوەڕاستی هەردوو جیهانی بوونە بە هەردوو دیوی دژە یەک .

(هیچ) هیچ ترسێکی ناوێ،بەڵکو لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی دەوێ بۆ فێر بوون و زانینی زیاتر .هەرفێربوون و زانینێک، باوەڕێکی تازەیە.

تازەبوونەوەی باوەڕ بوون بەخودا.

لەنێو ئاینەکاندا چەقبەستوویی باوەڕ بوون بەخودا، بەندە بەو بەندو بڕگانەی کە لەنێو دەقە ئاینیەکاندا دارێژراون .واتە باوەڕهێنانە بە دەق نەک خودا. کەواتە ئەمە پێی ناگوترێ خوداناسی بەڵکو پێی دەگوترێ دەقپەرستی.

کەواتە باوەڕ بوون بەخودا ، نابێ پشت بەدەق ببەستێ

بەڵکو دەبێ پشت بە فێربوون وزانین ببەستێ.

با بزانین فێربوون و زانین چیە؟

فێربوون ، واتە: ئەو زانیاریە کەڵەکە بوو ودەسکەوت و بەدەست هاتوانەی دەربارەی خودا کە تاکو ئێستا لەبەر دەستدان. وە زانینیش بریتیە لەو زانیاریانەی کە لە داهاتوودا دەربارەی خودابوون دەیزانین وفێری دەبین .

کەواتە لەهەردوو باردا باوەڕ بوون بەخوداپشت بە زانست دەبەستێ . زانستیش چوارچێوەیەکی دیاری کراو نیە لە دوو توێی کتێبێکدا قوفڵ بدرێ و ناوی لێ بنرێ کتێبی پیرۆزو پیرۆز بکرێ . بەڵکو زانست بەپێی کات و زانین بەرەو پێش دەچێ.

کەواتە باوەڕ بوون بەخودا ، بەردەوام لە تازە بوونەوەدایە بە پێی کات و زانین.

## قانون یان شەریعەت؟

ئەو دەقە ئاینیانەی کە لەبەر دەستماندان یان ڕوونتر بڵێم : لەبەر دەستی پیاوانی ئاینین ، هەر ئەم دەقانە ئەگەر لە ڕابردوودا بەشێوەی قانون و یاساو دوور لە ئاین کاریان لەسەر بکرابا، ئێستا باویان نەما بوو . ئێستا لێرەوە تێدەگەین کە چەندە هەرشتێک بەرگی خوای کرایە بەر (ئەگەر درۆیەکی ڕاستەقینەش بێ) ئەوا کەس لاری نیە و کەس سەرپێچیکار نابێت و بەڵگەشی ناوێت و بە پێچەوانەوە، موحافیزکاریشی بۆ زۆر دەبێ . ئەمەو جگە لەوەی کە بەرگی پیرۆزی کراوەتە بەرو دەکرێتە بەری.

هەر ئەم پیرۆزیە ،موحافیزکار بەرهەم دێنێت و دەقەکە بەبێ دەسکاری وەک خۆی دێڵێتەوە بە دۆگمایی و چەقبەستوویی.

بەڵام ئەوەی کە جێی داخە ئەم دەقە پیرۆزکراوانە ،هیچی لەخواوە نین و دراونەتە پاڵ خوا. کێشەکە لێرەدا لەوەیە کە لە پەنا خوا، شوێن پێی خۆیان لەناو دڵ و دەروونی خەڵکدا قایم کردوە.

هەر هەمان دەقی پیرۆزکراو بەسەلماندن ، پیرۆزیەکەی لێ بکەوەو دووبارە بەشێوەیەکی مۆدێرن دابڕێژەوەو بەبێ ناو هێنانی خوا پێشکەشی کۆمەڵگای بکەرەوە. دەبینی هەر ئەو خەڵکەیەی کە پێشتر بە پیرۆزی دەزانی، ئێستا هیچ نرخ و بەهایەکی بۆ دانانێ.

بۆیە کێشەکە لە دەقەکە نیە، بەڵکو لە وەرگرتن و وەرنەگرتنی دەقەکەیە لەلایەن خەڵکەوە. بۆیە خودا بەکارهێنان بە شێوەیەکی ناتەندروست لەهەر بوارو بابەتێکدا، کارەسات بۆ عەقڵی مرۆڤ دروست دەکا. پێویستە عەقڵ نرخ و بەهای ڕاستەقینەی خۆی بۆ بگێڕدرێتەوە. ئەگینا هەر لە خولانەوەدا دەبێت بە دەوری بازنەی بەتاڵ دا.

بەریک کەوتنی سیفاتەکان.

ئاینەکان کۆمەڵێک سیفاتیان بەخودا بەخشیوە. خۆ ئەگەر خودا بریتی بێ لەو سیفاتانە، ئەوا بەڕاستی شایستەی ئەوە نیە کە لەنێو بیروباوەڕی خۆمان دا مەقامێکی بۆ دیاری بکەین . بۆچی ؟

بۆ نموونە ئاین دەڵێ خودا خالیقە (دروستکارە) ئەم سیفەتە هەم لەگەڵ بیروباوەڕو هەم لەگەڵ ئاین ، بەریککەوتنی هەیە ،چۆن ؟

سەبارەت بە بیروباوەڕ. ئێمە دەڵێین : خودا پاک و بێگەردەو تەواوە . کەواتە ئەگەر بەپێی ئاینەکان (کە دەڵێن : خودا خالیقە) ، ئەوا دەبێ هیچ کەم کوڕیەک لەو دروستکراوانە نەبێ ، واتە نابێ هیچ دروستکراوێک ،هیچ کەم وکوڕیەکی جەستەیی هەبێ . بەڵام ئێمە کەم وکوڕی لە هەموو شتەکان دا دەبینین لە تەندروست و ناتەندروست.

سەبارەت بە ئاین . کەوا بێجگە لەو سیفەتە، چەندەها سیفەتی تری داوەتە پاڵ خودا . بۆ نموونە سیفەتی دادگەری (عدل) کەواتە دەبێ خودا دادگەر بێ لەنێوان دروستکراوەکانیدا . واتە نابێ یەک بچووک بێت و یەک گەورە . نابێ یەک نێچیر بێت و یەک دڕندە .نابێت یەک زیرەک بێت و یەک گەمژە . نابێت یەک تەندروست بێت و یەک ناتەندروست ،نابێ یەک تەواووکامڵ بێت ویەک ناکامل. دەبێ هەموویان وەکو یەک بن ،ئەوەیە نیشانەی دادگەری . بەڵام لە واقیعدا وا نابینین. کەواتە لێرەدا ئاین بەتاڵ دەبێتەوە بە بەریککەوتنی سیفەتی خالیق لەگەڵ سیفەتی عەدل .

لە ڕاستیدا ئەوە دروستکراوەکانن کە پێویستیان بەو سیفاتانە هەیە . خودا بێ نیازە لەو سیفاتانەو پێویستی بەهیچ سیفەتێک نیە، بەڵکو دروستکراوەکان پێویستیان بەو سیفاتانە هەیە. بۆ هەڵسوڕاندنی کاروبارەکانی ڕۆژانە.

## توانایی (القدیر)

باسی سیفەتێکی تر دەکەین کە دراوەتە پاڵ خوا. با بزانین کە چەندە حەقیقەتی هەیە.

خودا ئەو تێڕوانین و تێگەیشتنە نیە کە جاران باوەڕدار بیری لێ کردۆتەوە. باوەڕدار پێی وا بووە کە خودا توانایەکی بێ سنوورو لەڕاددە بەدەری هەیە بۆ ئەنجامدانی کارەکان . ئەمە چونکە خۆی لە ژیانی ڕۆژانەیدا . ئەنجامدانی کارەکانی ، بە تواناکانی خۆی تاقیکردۆتەوە. بەڵام خودی توانایی، هەڵگری بابەتێکە کە خۆی لە پێویستیدا دەبینێتەوە . چۆن؟

من پێویستیم بە توانایە بۆ ئەنجامدانی کارەکانم . ئەگەر ئەو توانایەم نەبێ، ناتوانم ئەنجامی بدەم . بەڵام ئایا خودا پێویستی بە توانا هەیە ؟؟؟

توانایی دوای ئەزموون دێت . واتە: من سەرەتا کارەکەم تاقیکردۆتەوە تاکو بزانم ئایا دەتوانم ئەنجامی بدەم یان نا.

کەواتە لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستیەی کەوا مرۆڤ ئەزموونی ژیانی خۆیەتی و داویەتیە پاڵ خودا . چونکە لە ڕاستیدا بابەتێکی وەک توانایی ، تەنها خودی مرۆڤە ئەزموونی کردوەو دەیداتە پاڵ خوا .

بابێین ئەو توانایە ڕەهایەی کە مرۆڤ داویەتیە پاڵ خوا هەڵیسەنگێنین بزانین ئاخۆ چەندە حەقیقی و واقیعیە. خودا تواناداراە بە ڕەهایی . تواناش دەبێ پێش وەختە تاقی کرابێتەوە وئەنجام درابێ . واتە: بەو پێیە دەبێ خودا لەو توانا ڕەهاییەدا بتوانێ خودایەکی تر دروست بکا . وەئەویش بەپێی ئەوەی کە دەبێ هەڵگری سیفەتی توانادارى بێ، واتە : ئەویش دەبێ بتوانێ خودایەکی تر دروست بکا بە هەمان هەڵگری خەسڵەتی توانادارى ، جا بە هۆی مافی ڕەها بەخشین بە سیفەتی توانایی بۆ خودا ، ئەوا دەبێ بوون و وجود پڕ بێ لە خودا بەبێ کۆتایی . ئەمەش قەبووڵ کردنی مەحاڵەو دەرەنجامەکەشی هەر مەحاڵە.

کەواتە: سیفەتی تواناداری ، تەنها زادەی بیرکردنەوەی خۆمانە کە بەخشیومانە بە خودا . ئەم بیروباوەڕە ئەگەر بۆ سەردەمانێک مایەی هێزی باوەڕ بوو ، لە ئێستادا ئەو ڕۆڵەی نیە و تێگەیشتنی ئێمە دەربارەی خودا، ئەو قوناغەی تێپەڕاندووە. چونکە خودا کار ناکا تا پێویستی بە توانا هەبێ وە بوون پەیوەست نیە بە تواناوە بۆ هاتنە بوون.

## شاهی شاهان (مالك، مالك الملك،مليك)

ئەرێ ڕاستە خودا پادشایە؟

بابزانین دەسەڵاتەکانی پادشا چۆنە و پادشایەتی چیە.

پادشا کەسایەتیەکە بەبێ گەڕانەوە بۆ هیچ سەرچاوەیەک خۆی بڕیار دەدات. بەڵام ئایا خودا بڕیار دەدات تاکو پادشا بێ؟ یان ئەو بڕیارانەی کە بەناوی ئەوەوە دراون، دەبێتە بڕیاری ئەو؟

بابزانین خودا ئەگەر پادشایە، چۆن دەسەڵات بە دەست دێنێ.

یەکەم / پادشا دەسەڵات لە باوکیەوە وەردەگرێ . کەواتە ئەگەر خودا سیفەتی پادشایەتی هەبێ ، ئەوا دەبێ باوکی هەبێ تاکو دەسەڵاتی پادشایەتی لێی وەرگرتبێ.

دووەم / ئەگەر خودا پادشایەتی لە باوکەوە وەرگرتبێ ، خۆی باوکی هەبێت و بەو شێوە سرووشتیە هاتبێتە بوون . ئەوا سرووشتیە کە خۆیشی دەبێ کوڕی ببێ .

سێیەم / ئەگەر خودا پادشایەتی لە باوکیەوە وەرگرتبێ ، ئەوا حەتمەن کوڕەکەیشی داوای ئەو دەسەڵاتەی لێ دەکا، لەو حاڵەتەدا کەواتە پادشایەتیی خودا کاتیە و دەبێ پادشایەتی بداتە دەست کوڕەکەی.

چوارەم / پادشا لە چ کاتێکدا  دەسەڵات دەداتە دەست کوڕەکەی؟ لەو کاتەی کە خۆی لەسەرە مەرگ دا بێ. کەواتە خوداش وەک ئێمە دەژیت و دمرێت.

ئەم خاڵانەو چەندین خاڵی تریش دەیسەلمێنێ کە خوداو سیفەتی پادشایەتی ، دوو سیفەتی زۆر لێک دوورن.

ڕەنگە بپرسن و بڵێن: تۆ خەریکی خودا لە هەموو سیفەتەکان دادەماڵیت و لە کۆتاییدا خودا دەخەیتە مەقامی هیچەوە. نەخێر تەنها بابەتەکە بەم شێوەیە نییە . خودا سیفەتی هەیە بەڵام ئەو سیفەتانە نا کە دروستکراوەکان هەیانە. بەڵکو ئەو سیفەتانەی هەیە کە بوون لەسەری وەستاوە وەک ( یاسا بەهەموو جۆرەکانیەو چ گەردوونی و چ سرووشتی. زانست بەهەموو لق و پۆپەکانیەوە

ئەویش سیفەتێکە لە سیفەتەکانی خودا . کات ئەویش سیفەتێکی ترە ،وە چەندەها سیفەتی تر کە لە زنجیرەی بابەتەکانم دا ڕوونیان دەکەمەوە.

بەڵام جارێ دەبێ خودا لە سیفەتە مرۆییەکان دابماڵم ، ئینجا سیفەتە حەقیقیەکانی باس بکەم.

18

شێوەو سیفەتی خودا.

مرۆڤ لە شێوەو سیفەت بەخشین بەخودا، بیری بەلای ئەو شێوەو سیفاتانەدا چوە کە هەستی پێ کردون وپێی زانیون . بۆ نموونە لە شێوەدا (دەست و قاچ و چاوو گوێ و دەم و لووت و نەفس و چی وچی) بەو وێنایە بۆ خودا دایتاشیون کە هەستی پێکردوە لە ژیانی ڕۆژانەدا.

وە بۆ سیفەتەکانیش بە هەمان شێوە ،وەک ( تووڕەیی ، میهرەبانی ، تۆڵە، بەهێزی ، دروستکەری ، شکومەندی ، زاڵێتی ،دەسەڵات)

مرۆڤ تەنها ئەو وێنەیەی کە لە مێشکی دایە ،تێکەڵی کردوە لەگەڵ ئەو بیروباوەڕەی کە هەیەتی بۆ خوداو وێنەکەی و وێناکەی پێ گەورە کردوە و فراوان کردوە .

ئەگینا کاتێ ئەووێنایە شرۆڤە دەکەیت و هەڵی دەسەنگێنیت ، بۆت دەردەکەوێ ئەمە تەنها خەیاڵە نەک خوا.

چونکە خودا بە مەفهومی خوایەتی لە دەرەوەی سنووری خەیاڵ دایە نەک خەیاڵ.

بەڵام ئایا دەکرێ خوا شێوەو سیفەتی نەبێ؟

خودا شێوەو سیفەتی هەیە. بەڵام نەک شێوەو سیفەتی دروستکراوەکان . چونکە شێوەو سیفەتە دروستکراوەکان بۆ خودا، خوا دەکاتە دروستکراو.

واتە کاتێک دەڵێین : خودا، بوونە . هەڵەکە لەوێوە دەست پێ دەکا کە بیروباوەڕی خۆمان بەستۆتەوە بەو دەقەوە . بەڵام کاتێک دەستەواژەکە دەگۆڕین و دەڵێین : خودا بنچینەی بوونە . ئەو کاتە دەزانین کە هیچ شتێک بێ ئەو بنچینەیە نابێت . واتە بیروباوەڕێکی شیاومان دەبێت و جیهانبینی خوداناسیمان ڕۆشنتر دەکات.

لەو هەمو قەلەقی وگرێی دەروونیە ئیمانیە ئاینیانە ڕزگارمان دەبێت کە کەڵەکە بووی چەندەها هەزار ساڵەیە . لە باوەڕی ڕاستەقینەوە بووە بە کلتوری باوەڕ.

بۆیە پێویستە بۆ ئەوەی باوەڕەکەمان بکەوێتەوە سەر ڕاستە شەقامی خۆی ، دەبێ بەو وێنایەدا بچینەوە کە لە مێشکماندایە بۆ شێوەو سیفەتی خودا .

## میزاجی خودا

سەرت سوڕ دەمێنێ لە باس و خواسی ئاینەکان دەربارەی سەوداوماملەکردنی خودا لەگەڵ مرۆڤ بە تایبەتی.

ئاین پێی وایە ئەگەر مرۆڤ گوناهی کرد ، خودا لێی تووڕە دەبێ . ئەگەر نوێژی کرد ،خوا لێی ڕازی دەبێ . یان پێی وایە خودا بە ئارەزووی خۆی خەڵک ڕێنموویی دەکات ،یان گومڕایان دەکات . ئاین پێی وایە خودا بە ئارەزووی خۆی هەندێک دەوڵەمەند دەکات و هەندێکیش هەژار . ئاین پێ وایە خودا بە میزاجی خۆی ،هەندێک تەندروست دەکات و هەندێکیش ناتەندروست. ئاین پێی وایە خودا کارەساتت بەسەر دێنێ ،یان خێر دێنێتە ڕێگەت . ئاین پێی وایە خودا بڕیاردەری کاروڕەفتارەکانمانە بەناوی قەزاوقەدەر.

خوڵاصەی کەلام، ئاین پێی وایە کە هەموو جوڵەیەکی مرۆف بەندە بە میزاجی خوداوە. بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی کە ئەگەر کەمێک عەقڵی هەبێ، دەزانێ خودا بەو شێوەیە مامەڵە ناکات. ئێمە دەبێ بۆ بابەتی خوداناسی ، سەیری سرووشتی مرۆڤ و بیروباوەڕی مرۆڤ بکەین لە بەرامبەر خوداناسی . سرووشت و بیروباوەڕ تەرجومە بکەینە سەر تایبەتمەندێتی خوداو کوالێتی خودابوون. تاکو حەقیقەتی خوایەتیمان بۆ دەرکەوێ. بەو پێیە بۆمان دەردەکەوێ کە خودا هەموو شتەکان لە خۆ دەگرێ ، بەڵام مامەڵەو سەودا سەری ناکا لەگەڵ هیچ شتێکدا. وە خودا نابێ پەرچەکرداربێ (ردفعل) واتە: من کارەکە ئەنجام بدەم و ئەویش پەرچەکردار بێ بۆ کارەکەم . ئەمە خوداییێکە لە وەهم وخەیاڵ دروست کراو نەک خودای ڕاستەقینە.

## ناسین و باوەڕ

ناسین و باوەڕ ،دووبنەمای پەیوەندین لەنێوان مرۆڤ وخودا. ناسین بۆ خودی خودا و باوەڕیش بۆ سیفەتەکانی خودا. بەڵام کاتێک دەڵێین باوەڕ بە سیفەتەکانی خودا ، دەبێ بزانین باوەڕ چیەو لە چ حاڵەتێکدایە، وە دەبێ بزانین سیفەتەکانی خودا کامانەن.

سەرەتا باوەڕ بۆ حاڵەتێکە کە ڕاستیەک دەسەلمێنرێ و دتبێتە جێگای باوەڕ پێکردن ،سەلماندنی هەر ڕاستیەکیش لە ڕێگەی ئەو پاشخانە مەعریفی وئەزموون و ئەو کەرەستەوپێوەرە زانستیانەی کە لەبەر دەست دان . بەسیفەتی ئەوەی کە خودی خودا ناکەوێتە نێو ئەو چوارچێوەیەوە ،بۆیە ئەو حاڵەتە بۆ ناسینە نەک بۆ باوەڕ .واتە : خودا بۆ ناسینە نەک باوەڕ . چونکە کاتێک دەڵێین باوەڕ بە خودا . ئایا چۆن ؟ ئایا خودا دەکەوێتە نێو چوارچێوەی هەستەکان ولێکدانەوەکان؟ بێگومان نەخێر . کەواتە خودا بۆ باوەڕ ناشێ . ئەی چی شتێکی خودا بۆ باوەڕ دەشێ ؟ بێگومان ئەو بابەتانەی کە دەکەونە چوارچێوەی هەستەکانمان و لێکدانەوە هزری و مەعریفیەکانمان و بنچینەن بۆ بوون ، ئەوەش کۆمەڵێک سیفەتن کە ئاینەکان بەشێوەیەکی ترو بۆ ماوەیی گوزارشتیان لێکردوەو سیفەتە مرۆییەکانیان کردوە بەسیفەتی خودا .

بۆیە لێرەدا دوو ئەرکم دەکەوێتە سەرشان .

یەکەم / ڕاست کردنەوەی چەمکی باوەڕ کە ناشێ بۆ خودی خودا ،بەڵکو دەشێ بۆ سیفەتەکانی خودا.

دووەم / ڕاست کردنەوەی چەمکی سیفەت .واتە: باوەڕبوون بە سیفەتەکانی خودا ، بەڵام نەک ئەو سیفەتانەی کە ئاینەکان داوێیانە پاڵ خودا ،کە سیفەتە مرۆییەکانن. بەڵکو ئەو سیفەتانەی کە بنچینەی بوونن و هەر هەبوون و هەرهەن و هەر دەبن و گۆڕانکاریان بەسەردا نایە، وەک (یاسا گەردوونیەکان و زانست و کات و ژمارەوماتماتیک وکۆمەڵێک بابەتی تر ،کە بەڕاستی ئەمانە سیفەتی خودان نەک سیفەتە مرۆییەکان .

واتە: دەبێ چمکی باوەڕ بەسیفەتەکانی خوداوە گرێ بدەین لە ڕێگەی سەلماندنەوە. ئەو دەبینە باوەڕدار ، ئەگینا باوەڕداری بەو شێوەیەی ئێیتا ،هیچ پەیوەندیەکی بە باوەڕەوە نیەو بێباوەڕیە.

خودی خودا بۆ ناسینه ،سیفەتەکانی بۆ باوەڕە.

لەبەرچی خودی خودا بۆ باوەڕ ناشێ؟ جونکه خودا ،بوون نیه ، تاکو بۆ باوەڕ بشێ ، بەڵکو بنچینەی بوونه .

بوون بۆ باوەڕه . واته باوەڕ دوای ناسین دێ به پلەی دوو.

بەڵام ئێمه ئەو بوونه دابەش دەکەین بەسەر سیفەتەکان و باوەڕ لەسەر ئەو بنەمایه دادەمەزرێنین.

سیفەتەکانیش وەک

(بوون و نەبوون) سیفەتێکه له سیفەته هەره بنچینەییەکانی خودا که دەبێ باوەڕی پێ بکەین . بەهەرچی هەیه و هەرچی نیه.

(یاسا گەردوونیەکان(یاسا فیزیاییەکان)) و باوەڕی خۆمانی پێ دەبەستینەوه که دەبێ ملکەچی یاساکان بین چ له گەردوون ، چ له سرووشت. زۆر به قووڵی ناچمه ناو سیفەتەکانەوەو له بابەتێکی تردا زیاتر وردی دەکەمەوه .

(زانست ) سیفەتێکی تره که له ڕێیەوه ئاگایی و مەعریفەو تێگەیشتنمان بەرەو ئاستێکی تر دەچێ له گەیشتن بەحەقیقەت و حەقیقەتی باڵاو حەقیقەتی ڕەها. له ڕێی زانستەوه هەر ڕاستیەک سەلمێنرا ، پێویسته بیکەینه جێگەی باوەڕمان و باوەڕی تەواوی پێ بێنین.

(کات) هەموو شتێک له کاتەوه دەست پێدەکات و بەناوکات دا تێدەپەڕێ به گەشەکردنیدا. ئەمەش پایەیەکی تری باوەڕەو سیفەتێکه له سیفەتەکانی خودا که دەبێ باوەڕی پێ بێنین.

(ماتماتیک و ژمارەو کێشانەو پێوانه) سیفەتێکی تری بنچینەیین له سفەتەکانی خودا که هیچ شتێک لێی بەدەر نیەو هەموو شتێک دەگرێتەوه. دەبێ باوەڕی تەواومان بەو سیفەته خوداییه بنچینەییه هەبێ.

(بۆشایی گەردوون) ئەو مەودایەی لەنێوان من و تۆدایە یان ئەو مەودایەی لەنێوان تەنەکانی ئاسمان دا ، بە بۆشایی پڕ کراوەتەوە. ئەگەر ئەو بۆشاییە



نەبێ ، تەنەکان بوونیان نابێ ، ئەگەر بوونیشیان هەبێ ، جووڵەیان نابێ

،ئەگەر جووڵەشیان هەبێ ، هەستەکانیان نابێ (بۆ نموونە هەستی بینین بەهۆی ئەو بۆشاییەوەیە کە ئێمە دەتوانین تەنەکانی پێ ببینین. یان بەهۆی ئەو بۆشاییەوەیە دەنگ لە تەنێکەوە دەگوێزرێتەوە بۆ حەنێکی تر)

(ڕەنگ و شێوەو قەبارە و بارستایی) ئەمە سیفەتێکە لە سیفەتەکانی خودا کە دەبێ باوەڕمان پێی هەبێ . بۆ هەر تەنێک ، ڕەنگێک و شێوەیەک و قەبارەیەک و بارستاییەکی تایبەتی هەیە کە گوزارشت لە خوایەتی خودا دەکات.

(ئاگایی ، زیرەکی ،هۆشمەندی ، عەقڵ) کە لەهەموو شتێکدا هەیەو دەبێ باوەڕی تەواومان بەو سیفەتە خوداییە هەبێ و هەرتەنێک لە تەنەکان خودا بەشێک لەو سیفەتانەی پێ بەخشیوە.

(ڕۆح ، گیان ، مردن ، ژیان ) ئەمەش سیفەتێکە لە سیفەتەکانی خودا کە خستوویەتیە هەر تەنێکەوەو دەبێ باوەڕی تەواومان پێی هەبێ.

ئەمانە سیفەتە بنچینەییەکانن هەروەک گوتمان خودا بنچینەی بوونە . بەهەمان شێوە،ئەو سیفەتانە بنچینەییانە

بنچینەی باوەڕن. بەڵام ئەو سیفەتانەی کە دەسکەوت و بە دەست هاتوون و لەو سیفەتە بنچینەییانەوە دەستمان دەکەوێ ، ئەوا پێیان دەگوترێ سیفەتە بە دەست هاتوەکان . بۆ نموونە من بەهۆی ژیریەوە (کە سیفەتێکی بنچینەییە) تواناکانی خۆم بەرز دەکەمەوە . ئەو توانایە (کە ئاینەکان کردوویانە بە سیفەتی خودا، ئەمە سیفەتی منە نەک خودا)

## گەڕاندنەوەی مافی خودایەتی بۆ خودا.

کاتێ دەڵێین (خودا) واتە گەڕاندنەوەی ماف بەحەقیقەت ، واتە شەرعیەت دان بە حەق . ئەگینا ئەو خودایەی کە لە سرووشتی مرۆڤدا وێنەی نەقش بووە ، جیایە لەو خودایەی کە تەرجومە کراوەتە سەر بیروباوەڕ ، کە دەڵێم: بیروباوەڕ ، مەبەستم ئاینە .

ئاینەکان لە بنەڕەتدا بۆ ئەو مەبەستە لە دایک بوون ، کە شەرعیەت بۆ خودا بگێڕنەوە . بەڵام جۆری بەرژەوەندیەکان بابەتەکەیان بەلاڕێدا بردوە. وە ئاین لە ئامرازێکی چاکەوە کراوەتە ئامرازێکی خراپ .بۆ دەسکەوتە دونیاییەکان . واتە : بەکارهێنانی خوا بۆ دەسکەوتە دونیاییەکان.

هەڵبەتە منیش نامەوێ بەشوێن پێی ئەواندا بچمەوە . بەڵام دەبێ لە ئاست ئەو چاکسازیەدابم ((گەڕاندنەوە ماف بۆ حەقیقەت و شەرعیەت دان بە حەقیقەت))

جونکە تەنها لەو ڕێگەیەوە ڕاستیەکان بەجوانی و بەتەواوی و بەڕەهایی دەردەکەون. ئەم ڕێگەیەش تەنها بە زانست ڕۆشن دەبێ . وە بە ئەزموون و لێکۆڵینەوە ، نهێنیەکانی ئاشکرا دەبێت و هەنگاوی دواتر ، بابەتی نوێتر دەدۆزێتەوە.

نەک وەک ئاینەکان کە چەقبەستوویی لەو بوارەدا تەقدیس و پیرۆز دەکەن .

واتە : بوونی خودا ماهیەتەکەیەتی نەک ماددەیەک (جەستەیەکی نەخشێنراو لە مێشک بەپێی تێگەیشتنی مرۆڤ لە ئەزموون کردنی خودا بە دیوێکی ماددیانە) وە کاتێک دەڵێین : بوونی خودا خۆ دەبێ لە بەرامبەریشدا نەبوونێک هەبی بۆ لە خۆ گرتنی ئەو بوونە . چونکە هەموو بوونەکان بەهۆی نەبوونەوە بوونیان ئیسپات دەبێ . بۆیە ئەگەر خودا، بوونێکی ماددی بێ ، کەواتە نەبوون ئەو بوونەی دروست کردوە. ئەو کاتە بەو پێوەرە ، خودا دەبێتە مەخلوق و نەبوون دەبێتە خالیق . ئەمەش لەگەڵ حەقیقەتی بیروباوەڕ یەکناگرێتەوە. بۆیە سەر لەبەری ئەو جورە بیرو باوەڕە دەبێتە هەڵەو پێویستە مافی خودابوون بگێڕینەوە بۆ خودایەتی خودا. ئەو کاتە حەقیقەت وەک خۆی دەردەکەوێ.

## بیروباوەڕ بنچینەی عەقڵە.

بۆ ئەوەی هەر لە سەرەتاوە بە شێوەیەکی ڕاست و دروست و تەندروست بیر بکەینەوە ، پێویستە بنچینەی بیرکردنەوەمان شەن وکەو بکەین و بەراوردی بکەین لەگەڵ ڕاستیە بنەڕەتیەکانی ژیان و بزانین لە کوێی گۆشەنیگای شتەکانەوە لە ماناکانی ژیان دەڕوانێ.

ئێمە چونکە بابەتەکەمان (چەمکی خودابوون)ە بۆیە هەڵسەنگاندنی ئەو بابەتەش هەر بەو پێوەرە لێکدەدەینەوە . بێنە پێش چاوی خۆت ، ئاینێک بنەمای بیروباوەڕەکەی بەو شێوەیە دارشتبێ کە خودا دەست و قاچ و چاوو گوێچکەو سەرو دەم و زمان و چی و چی هەیە . ئینجا وا وێنای بکا کە ئەو خودایە بەو کارەتووڕە دەبێت و بەم کارە دڵخۆشدەبێت.

لەو حاڵەتەدا عەقڵ بەو بیروباوەڕە فێڵی لێ دەکرێت و دەخەڵەتێت و لە ژێر کاریگەری ئەو بیروباوەڕەدا بڕیار دەدا . بۆیە کەواتە دەبێ سەرەتا بیروباوەڕ بە ڕاستیە بنەڕەتیەکانی ژیان فۆرمات بکەینەوەو وێنای حەقیقەتی خود بکەین وەک خۆی . ئەو کاتە عەقڵ هەموو نهێنیەکان دەدۆزێتەوە . بەڵام ئەگەر لە لایەن بیروباوەڕێکەوە بەلارێدا برابێ ، ئەوا نەک هەر نهێنیەکان نادۆزێتەوە بەڵکو نهێنیەکانی لێ دەبێتە تەلیسم و مەتەڵی ئاڵۆزو بۆی هەڵنایە.

بیروباوەڕی ڕاست و دروست و تەندروست ، ڕێگا بۆ عەقڵ ڕۆشن دەکاتەوە تاکو بەرهەمی هەبێ ، ئەو بەرهەمەش دەرهاوێشتەی بیرکردنەوەیە کە بەهۆی عەقڵەوە بەدەست هاتوون.

کەسی وا هەیە پڕۆفیسۆرەو کەچی بیروباوەڕی ها لای مانگا پەرستی و خۆ چەماندنەوە بۆی . مەبەستم تەنها ئاینی هیندۆسی نییە بەڵکو ئەو بەزمە لەنێو هەموو ئاینەکاندا هەیە. بۆیە لەکۆتاییدا دەڵێم : بیروباوەڕی ڕاست و عەقڵی تەندروست و بەرهەمی چاک ، کاری مرۆڤە تێگەیشتوەکانە

بەختەوەری لە ناخدایە نەک لە ئاسمان.

مرۆڤی باوەڕداری ئایندار ، بەختەوەری خۆی بەستۆتەوە بەو وەهمەی کە ناوی لێ ناوە خوا (پێی وایە کە خواکەی لە ئاسمانەو شوێنێکی دیاریکراوی هەیە) لە کاتێکدا هیچ شتێک نیە بە بوون و نەبوون کە ئەو بەشە خواییەی تێدا نەبێ . واتە :ئەگەر بەختەوەری بریتی بێ بە وابەستە بوون بەخوا، ئەوا خودا لە ناخی خۆت دایەو ئەو بەشە خواییە وەک هەر شتێکی تر لە تۆش دا هەیە. خۆی هەر بەبێ ئەو بەشە خواییە هیچ شتێک نابێ. کەواتە ئەگەر بە دوای بەختەوەری دا دەگەڕێی ، ئەوا لە ناخی خۆت دایە نەک لە دەرەوەی خۆت و لە ئاسمان . بەڵام ئەوە گرنگە تا کۆدی ئەو بەختەوەریەت دەست دەکەوێ . زۆربەی زۆری ئەوانەی لە خودی خۆیان هەڵدەگەڕێنەوە ڕوو لەو وەهمە دەکەن (کە پێی دەڵێن ئاین و دژی هەموو سرووشت و بنەمایەکی ئەو ناخەیەی خۆتە و ناویان لێ ناوە گەڕانەوەو تەوبە، لە ڕاستیدا ئەمە گەڕانەوە نیە ،بەڵکو هەڵگەڕانەوەیە لە سرووشتی خۆت)

بۆیە ئەو بەختەوەریەی کە ئاینەکان وێنەیان کێشاوە لە مێشکی باوەڕداری ئایندار، بێهۆشکردنی عەقڵە بە وەهم نەک بەختەوەری .

لە ڕاستید مرۆڤ هەتا بەتەواوی خۆی نەدۆزێتەوە، ناتوانێ بەختەوەر بێ . ئەوانەی نائارامن ، نائارامیەکەیان نیشانەو بەڵگەیە کە خۆیان ون کردوە .

خۆ دۆزینەوە ، خوادۆزینەوەیە ،خۆدۆزینەوە، بەختەوەریە.

بنەمای نەگۆڕ لە سرووشتی مرۆڤدا.

هەر بابەتێک بووبێتە بەشێک لە سرووشتی مرۆڤ و بوونی مرۆڤ ، بێگومان دەبێ بە هەند وەربگیرێ و هەڵوەستەی لەسەر بکرێ.

یەکێک لەو بابەتانەش (بنەمای نەگۆڕ)ە لە ناخی مرۆڤ دا. مرۆڤ پێی وایە کە هەندێ شت چۆنە هەروا دەبێت و هەروا دەمێنێتەوە. کە ئەمەش یەکێکە لەو خاڵانەی کە دەیسەلمێنێ هێزێک هەیە کە هەروەک خۆیەتی و هیچ گۆڕانکاری بەسەردا نایە. بۆیە تەنها خوا شایانی ئەو بنەما نەگۆڕەیە کە لە سرووشتی مرۆڤدا بوونی هەیە.

خودا لە ڕێی ئەو بوون و نەبوونانەی کە ڕۆژانە هەستی پێ دەکەین و مامەڵەی لەگەڵ دا دەکەین ، دەبێتە ئەزموونێک و دەچێتە دیوی نەستی (اللاشعوور)ی ئێمەوە. مرۆڤ لە ڕێی ئەو مامەڵەیەی کە لەگەڵ شتەکان دا دەیکات ، هەست بە بنەمایەکی نەگۆڕ دەکات لەم بوونەدا. بۆیە ئەو هێزە (بنەمای نەگۆڕ) دەداتە پاڵ شتە باوو سەپێنراوو ئاڵودە بووی کۆمەڵگا پێوەی ،بۆ نموونە (ئاین)

مرۆڤ ئەو هێزەی داوەتە پاڵ ئاین و پیرۆزیەکانی ئاین ، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە تەنها ڕاستیە (حەقیقەت) کە بنەمایەکی نەگۆڕەو ناگۆڕێ .ئەگینا هەموو شتێک دەگۆڕێت و نەگۆڕەکان (ئەو شتانەی کە مرۆڤ بە نەگۆڕاوی لە مێشکی خۆیدا هێشتوویەتیەوە) تێدەپەڕێنێت و جێی دێڵێ.

بۆیە هەموو نەگۆڕێ لە دەرەوەی (نەگۆڕی ڕاستی) تووشی چەقبەستوویی دێت و خاوەنەکەشی دەبێتە مرۆڤێکی مێشک قوفڵ دراو.

ئەو ڕاستیەش کە بە نەگۆڕی لە سرووشتی ئێمە چاپ بووە، خودایە.

ئێمە لە کوێوە هاتوین و بۆ کوێ دەچین؟؟

ئێمە لە هیچەوە هاتوین و دەگەڕێینەوە بۆ جیهانە ڕاستەقینەکەی خۆمان کە (هیچ)ە . بەڵام نەک ئەو هیچەی کە کردومانەتە ئامرازی پووچگەرایی .

نا.. هیچ واتە نەبوونی کات و شوێن و جوڵە و هێزو ئاڕاستە و هەموو ئەو چەمکانەی کە بناغەی بوونی لەسەر دامەزراوە. لە نێوان هەردوو هیچدا مەودایەک هەیە بۆ هەموو شتەکان. هەموو شتەکان ،مانان بۆ هەردوو هیچەکە (هیچی ئەزەلی و هیچی ئەبەدی) .

بەڵام لە نێو هەموو ئەو شتانەدا کە مانان بۆ هیچ ، تەنها مرۆڤە هەست بەو مانایانە دەکات و لێکیان دەدات و کۆیان دەکاتەوەو کەڵەکەیان دەکات و تێکهەڵکێشیان دەکات و مانای تازەی لێ هەڵدەهێنجێ. ڕەنگە جگە لە مرۆڤ، بوونەوەرانی تری زیرەکتر یان وەک مرۆ هەبن . بەڵام ئێمە کارمان بەسەر ئەوانەوە نیە و تەنها فۆکسی خۆمان دەخەینە سەر مرۆڤ و بەوە جیا دەکرێتەوە لە هەموو شتەکان و پێم وایە هەر ئەوە وەزیفەی ڕاستەقینەی مرۆڤ بێ.

ئەگەر ئەمە وەزیفەی ڕاستەقینەی مرۆڤ بێ ، کەواتە دەبێ مرۆڤ بە ڕەهایی ئازاد بێ لە ئەزموون کردنی شتەکان بۆ دۆزینەوەی مانای تازە بۆ ژیان .

مرۆڤ نەخشەیەکی بچووککراوەی بوونە و دەبێ بە شوێن سوننەتی ئەو بوونەدا بچێ . کاتێک شتەکان لە هیچەوە (نەبوون) دێنە (بوون) ، مرۆڤیش بەهەمان شێوە لە هیچەوە شت دێنێتە بوون ، بۆ نموونە : لە ڕابردوودا مۆبایل نەبوو . کەچی مرۆڤ هێنایە بوون. لە ڕێی ئەو ئامێرەوە چەندین مانای تازە بۆ ژیان ، لە دایک بوون . هەروەها بۆ ئامرازەکانی تریش بە هەمان شێوە.

زانست ،خەیاڵ دەکاتە ڕاستەقینە. بەڵام ئاین دەیکاتە وەهم

بنچینەی ڕاستی ،خەیاڵە.. بەڵام بەکام ئامراز دەتوانی ئەو خەیاڵە بکەیتە ڕاستەقینە؟

بەڵێ تاکە ئامرازی گۆڕینی خەیاڵ بۆ ڕاستەقینە، زانستە.

مرۆڤ لە ڕێگەی زانستەوە دەتوانێ هەموو خەیاڵەکان بگۆڕی بۆ ڕاستەقینە.

تەمەنی درێژی بێ کۆتاییت دەوێ؟؟ لە ڕێگەی زانستەوە مرۆڤایەتی دەگاتە ئەو ئاستەی کە بتوانێ لە ڕێی زانستەوە تەمەن درێژ بکاتەوە،هەرچەندێک مەبەستی بێ ، بەهەشتت دەوێ ؟ مرۆڤ دەتوانێ لە ڕێی زانستەوە ئەو خەیاڵە بکاتە ڕاستەقینە ، دەتوانێ نەک هەر ئەو سەرزەمینە، بەڵکو هەسارەکانی تریش ئاوەدان بکاتەوەو بیکاتە بەهەشت .

زانست تاکە ئامرازی بەدیهێنانی خەونەکانی مرۆڤە . بۆیە هیچ مەحاڵ نیە ئەوەی کە بەخەیاڵی مرۆڤ دادێ دەبێتە واقیع ، بەڵام بە دەست گرتن بەو ئامرازەوە (زانست) نەک بە دەست گرتن بە ئاینەوە . چونکە ئاین ئەو خەیاڵەت لێ دەکاتە وەهم و لێتی دوور دەخاتەوە لە کاتێکدا زانست ئاشنات دەکات پێی.

ئەگەر خودا هەموو شتێک بێ ، کەواتە چۆن مامەڵە لەگەڵ خودا بکەین لە هەموو شتەکان؟؟؟

ئێمە ڕوونمان کردۆتەوە کە دەبێ خودا هەموو شتێک بێ بە بوون و نەبوونەوە، چونکە ئەگەر خودا بریتی بێ تەنها لە بوون ، ئەوا نەبوون بەر لە بوونیش هەر هەبووە .کەواتە نەبوون لە پێش خوداوە هەبووە . بەڵام بۆ ئەوەی ئەو بیروباوەڕە بەرنامەڕێژ کراوە سرووشتیە خواییەی کە هەمانە،تەریب بێ لەگەڵ خوایەتی خوا ، ئەوا پێویستە هیچ شاشی و کەلێن و بۆشاییەک لەو خوداناسیە پەیدا نەبێ . ڕاستە ململانێیەکی توند لەنێوان بیرکردنەوەو عەقیدەدا هەیە لە بارەی خواوە . عەقیدە بەو سیفەتەیەی کە چوارچێوەیەک بۆ خوا دەکێشێ و بیرکردنەوەش ئازادانە بیر لە خوا دەکاتەوە.

بەڵام خوداناسی لەگەڵ ئاستی باڵابوونی تێگەیشتن لە خوا، ئەویش گەشەدەکات و لە کۆتاییدا (هەرچەندە بێ کۆتاییەو کۆتایی نایە) مرۆڤ یەکسان دەکاتەوە بە خودا.

بۆیە مامەڵەی ئێمە لەگەڵ شتەکان دەبێ لە ئاستی شتەکان دا بێت و بە گوێرەی سرووشتی شتەکان بێت . بۆ نموونە :(بەردێک، بەشێکە لە خوا) بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە کە نەوێرین دەست لە بەردەکە بدەین و بە دەستنوێژەوە دەستی بۆ بەرین . تاکە خوایەک کە پیرۆز بێ لە لای تۆ ،بریتیە لەو خوایەی لە تۆدایە . واتە بۆتۆ ،تەنها ئەو بەشە خواییە پیرۆزە کە لەتۆدایە . پیرۆزی هەرخوایێک بۆ ئەو شتە دەگەڕێتەوە کە بەشێکە لێی.

تێکشکاندنی پیرۆزی خودا.

خەڵک لەبەر ئەو هەموو پیرۆزیەی کە بەخودایان بەخشیوەو خودایان لەنێو پیرۆزیدا هەڵکێشاوە، لەبەر پیرۆزیەکان خودا ون بووەو خەڵک ناوێرێ بیر لە خوایەتیی خودا بکاتەوە. بەشێوەیەک بیرکردنەوە لە خودا، بۆتە بڤە. لە کاتێکدا سرووشتی مرۆڤ وا هەڵکەوتوە کە حەز دەکا بیر لە خوایەتی خودا بکاتەوە. دەرفەتێک بدەن بە مرۆڤ با بە ئازادانە بیر لە خودا بکاتەوە. دەرفەتێک بدەن بە مرۆڤ ، با خۆی خوداکەی خۆی بدۆزێتەوە . ئەو پیرۆزیانە تێک بشکێنن کە کردۆتتانە پەرژین بە چوار دەوری خوداوە. پێویست ناکا پیرۆزیەکان بکەنە پاسەوان و بەرگری خودا . خودا زۆر لەوە باڵاترە کە ئێمە پاسەوان و بەرگریکاری بین. ئەو باکی پێ نییە . بێ هەستە بەرامبەر هەموو پیرۆزیەک . تۆ خۆت ئاوێنەی تیشکدانەوەی خودای لەنێو گەردووندا . ئیتر بۆچی خودا لە پیرۆزیەکان دەئاڵێنیت و لەخۆتی دەشاریتەوە .

بوون و نەبوون ، هەمووی خودایە ، ئیتر بۆ شەرم دەکەی لە بەشێکی و شانازی دەکەی بە بەشێکی تر ؟ ئەمە بیروباوەڕت لەق دەکات و لاسەنگی دەکات . تاریکی و ڕووناکی هەر خودایە ، ئیدی بۆچی بەشێکی بەخودا دەزانیت و بەشێکی تری بە دژی خودا . دیوی ئەرێنی و نەرێنی هەمووی خودایە ئیدی بۆچی خودا دابەش دەکەی بەسەر ئەو بەشەی کە خۆت لە لات پەسەندەو بە پیرۆزی دەزانی.

خودا وەک خۆی بناسە . نەک لەودیوی پیرۆزیەکانەوە.

نیشانەی ڕەزامەندی خودا و ناڕەزایی خودا.

بەو پێیەی کە خودا بریتیە لە ( هیچ شتێک و هەموو شتێک) بۆیە ئێمە دەبێ کۆنتاکت لەگەڵ شتەکان بدۆزینەوە بۆ دۆزینەوەی ڕەزامەندی خوا و ناڕەزامەندی خودا .

جا بەو پێیەی کە خودا بریتی بێ لە هەرشتێک و نەبوونی ، بۆیە ئێمە دەبێ لەو ڕێیەوە چاو کراوە بین لە نیشانەی ئاگاداریەکان و خوێندەوارێکی تەواوی نیشانەکان بین .

کاتێک دکتۆر پێت دەڵێ گۆشت خواردن سوودی هەیەو لە هەمان کات دا زیانیشی هەیە ،وەکاتێک پێت دەڵێ : نوخبەی هەمان سوود و پاڵفتەی هەمان سوود ،لە شیرەکەیدا هەیە، بێگومان ئەمە نیشانەی ئاگادار کردنەوەی خودایە لە حەرام کردنی گۆشتی ئاژەڵ و بەکارهێنانی بە دیلەکەی کە(شیر)ە، وە کاتێک لە باڵندەش دا هەمان نیشانە بەدی دەکەین و هێلکە کراوەتە نوخبەو پاڵفتەی سوودەکان . پێویستە ئێمە تەواو ڕووەکی بین و ڕووەکی بژین. وە کاتێک بەو نەخۆشیانە ئاگادارمان دەکاتەوە لە ناڕەزایی خۆی لە بەرامبەر ئەو هەموو سەربڕین و خوێن ڕشتنەی کە ئێمە پێی هەڵدەستین ، کە هەر نەخۆشیەک نیشانەیەکە بۆ جۆرێکی ناڕەزایی خودا . کەچی ئاینەکان لە جیاتی ئەوەی پێمان بڵێن : کە ئەو جۆرە نەخۆشیانە نیشانەی ناڕەزایەتیی خودان ، پێمان دەڵێن : ئەو نەخۆشیانە نیشانەی خۆشەویستیی خودان بۆ تاقی کردنەوەی ئەو مرۆڤە .

لە ڕاستیدا بوونی مرۆڤ بەشێوەیەکی ئەندازەیی ڕێک و پێک دامەزراوە کە هەموو حاڵەتێکی زیادەڕۆیی و ناپەسەندی و خراپ ،بەنەخۆشی لە جەستەدا دەردەکاتە دەرەوەی لەش .

لە کۆتاییدا دەڵێم : ئەو کەسەی کە تەندروستە ، نیشانەی ڕەزامەندیی خوایە بۆ ئەو کەسە. وە نەخۆشی، نیشانەی ناڕەزایی خوایە بۆ ئەو کەسە. ئەمەیە ئاگادار کردنەوەی خودا

## هیچ هیوایێک لەسەر خودا هەڵمەچنن.

خودا، خودی خۆتە تواناکانی ئەو ، لەتۆدا دەردەکەوێ ، واتە تۆ نیشاندەری توانای خودای بەگوێرەی قەبارەی بوونی خۆت و هێزوهەوڵ و تواناکانت. بەو شێوەیە تۆ نوێنەرایەتی نیشاندانی خوا دەکەی .نەک وەک ئاینەکان بە پێچەوانەوە وێنەکەیان نیشان داوی .

هەروەک گوتومەو دەیڵێمەوە: خودا هیچ شتێک و هەموو شتێکە . واتە هیچ شتێکت پێ نابەخشێت و هەموو شتێکیشی خستۆتە بەردەستت ،تاوەکو وەک ئامرازێک بەکاریان بێنی بو بینا کردنی خەون وخۆزگەو هیواو ئاواتەکانت . چیتر بە دوای خوایێکەوە مەبە کە شتێکت بۆ بکا. ئەم جۆرە خوایە، لەلایەن ئاینەکانەوە دروست کراوەو ڕیکلامی بۆ دەکرێ .تەنها بۆ گەرم کردنی بازاڕی ئاینەکەیە.

خودا هەموو جۆرە هێزێکی پێداوی و هەموو شتێکیشی خستۆتە بەردەستت و هیچ هێزێکی ترت پێ نابەخشێ و هیچ شتێکیشت پێ نابەخشێ .دەبێ خۆت هەوڵ دەی بەهۆی هێزو تواناکانتەوەو بەکارهێنانی شتەکان ، ئەوەی مەبەستتە بە دەستی بێنی.

تەنها خۆت جێگەی هیوای خۆتی . تەنها هیوات بە خۆت و هێزوتواناکانی خۆت هەبێ . هیوای خۆت بدەیتە پاڵ هەرشت و هێزێکەوە ، تەنها لە خەونەکانی خۆت دوور دەکەویتەوە. خودا مەڕازێنەوە بەهیواکانت ، چونکە خودا جێگەی هیوا نیە . خودی خۆت بڕازێنەوە بەهیواکانت ، چونکە خودا هەموو هێرو ویست و توانایەکی لەتۆدا بۆ ئەو مەبەستە چاندوە . تۆ کێڵگەی خودایت و خوداش هەموو جۆرە بەرووبوومێکی لەتۆدا ڕواندوە. پێویست ناکا بۆ هیچ جۆرە بەرووبوومێک داوا لە خودا بکەیت ، هەرچی تۆ دەتەوێ ، لەخۆت دا هەیە، هەرچیت دەوێ ، لەخۆت دا هەیە هەرچیت بوێ ، لە خۆت دا هەیە.

هەرکەسێک هیواکانی خۆی لەسەر خودا هەڵچنێ ، بەدەست بەتاڵی لێی دێتە دەرەوە و هیچی دەست ناکەوێ و چرکەساتەکانی ژیانی بەفیڕۆ دەڕوا بێ هوودەو لەکۆتایشدا پەشیمانی دادی نادا ، تەوبەکردنیش هیچ سوودێکی بۆ پەشیمانی نابێ.

هەرشتێک مرۆڤ دەستی پێی بگات ، ئامرازە.

ئەو شتانەی بوونیان هەیەو لە ڕێی هەستەکانەوە بوونیان سەلمێنراوەو وەهەر شتێکیش بەهۆی ئامرازێکەوە مرۆڤ هەستی پێ دەکات. هەموو ئەو شتانە ئامرازێکن بۆ ئەو شتانەی کە لە دەرەوەی هەستەکاندان .

نموونەیەکی سادە . جاران کە میکرۆب نەدۆزرابۆوەو هەستی پێ نەکرابوو ، ئامانجی زانست ئەوە بوو کە داهێنانێک بکات بۆ ئەوەی ئەو نهێنیە بدۆزێتەوەو لێی تێ بگا . بەڵام کاتێک لە ڕێی داهێنانێکەوە (میکرۆسکۆب) گەیشت بەو ئامانجە ، ئەوا ئامانجەکە گۆڕاو ئەویش بوو بە ئامرازێک لە ئامرازەکان . ڕەنگە لەکۆتاییدا مرۆڤ هەموو ئەو شتانەی کە لە ئێستادا کردوویەتیە ئامانج ، کاتێ ئامانجەکە دەسەلمێنرێ ، هەموو ببنەوە بە ئامراز.

لەوانەیە ئامانجی مرۆڤ ببێتە دروست کردنی مرۆڤ لە داهاتوودا . ئەو کاتە مرۆڤە دروست کراوەکەش دووبارە دەبێتەوە ئامراز . ئێستا بیهێنە بەرچاوی خۆت کە ئێمەش لە لایەن هێزێکی شاراوەوە دروست کرابێتین . ئایا ئێمەش هەر هەمان ئامراز نین بە دەست هێزێکی باڵاتر لەخۆمان؟؟؟

بۆیە هەرگیز لەسەروو خۆتەوە مەڕوانە . وامەزانە تۆ کۆتا خاڵی بوون و ژیانی ، چونکە چەندان خاڵی تر بەر لەتۆو لەدوای تۆ هەن. وامەزانە تۆ تاکە هێزی ئاگایی . چونکە لە وانەیە چەندین هێزی ئاگایی بەر لەتۆو دوای تۆ هەبن. وا مەزانە تۆ ئامانجی. بەڵکو لەوانەیە تۆ لە ناوەڕاستی هەموو ئامانجەکان دا بیت. وامەزانە تۆ هەموو شتێکی . چونکە تۆ تەنها بەشێکی لە گشت.

لە ڕێگەی ئاگاییەوە هەست بە بوونی خودا بکە.

خودا لە ڕێگەی ئاگاییەوە تەحەککوم دەکا بەسەر بوون دا بە گوێرەی ئاستی ئاگایی شتەکان .بۆ نموونە کاتێک ستەمێک دەکەی ،لە ڕێگەی ویژدانەوە ئاگادارت دەکاتەوە .کەواتە تەحەککوم کردنی خودا بەسەر شتەکان دا ،تەنها ئاگادار کردنەوەیە .چونکە ویست و توانای تەواوی داوە بە شتەکان بۆ کردنی هەرکارێک کە بە وەزیفەی خۆیانی دەزانن .

بەڵام بەپێوەری ئاین ،خودا بێدەسەڵاتەو چاوەڕێی ڕۆژێک دەکا بۆ تۆڵە سەندنەوە .ئەو ڕۆژەشیان ناو ناوە قیامەت .واتە خودا نوستوەو لە قیامەت خەبەری دەبێتەوە .واتە خودا ویست و توانای داوە بە مروڤ بۆ ستەم کردن و هەر خۆیشی بە کارێکی نەشیاوی دەزانێت و تۆڵە دەسەنێتەوە .بۆیە ئەم جۆرە پێوەرە سەقەتە لەگەڵ خوایەتیی خودا یەکناگرێتەوەو نەشیاوە بە کوالێتی خودابوون .

خودا هەموو ساتێ لەگەڵتایەو لە کاری خراپ لە ڕێگەی ئاگاییەوە ئاگادارت دەکاتەوە .هەر ئەو ئاگاییەیە کە مرۆڤ و خودا بەیەکەوە دەبەستێتەوە .واتە ئیماندارترین کەس ئەو کەسەیە کە ئاگاییەکی زۆری هەیە.

## خودا چیە؟

زانست و ئاین کێشەیانە لەسەر وجوودی خودا ،واتە: بوونی خودایەکی ماددی کە ئاین پشتگیری دەکات و زانستیش ڕەتی دەکاتەوە. بەڵام لە ڕاستیدا خودا ئەو حەقیقەتەیە کە هەستی پێ دەکەین . ئەو هەستەش پەیوەندی بە ئاستی هۆش و ئاگاییەوە هەیە . واتە هەست کردنی مرۆڤ باڵاترە لەهەستی ئاژەڵێک بۆ خودا . ئەو باڵاییەش پەیوەستە بەو ئاستە ئاگاییەوە کە لە بوونێکەوە بۆ بوونێکی تر دەگۆڕێت.

بۆیە خودا ، (بوون)نییە تاکو بوون و نەبوونی بسەلمێنرێت. بۆیە گرەوی ئاین و زانست لەو بوارەدا ،وەک گرەو کردنە لەسەر ئەسپی تۆپیو.

خودا حەقیقەتە . حەقیقەتیش ماهیەتی باڵابوونی ڕێک و پێکیە لە نێو شتەکاندا.

هەموو شتەکان لە پەرتەوازەییەوە بەرەو ڕێک و پێکی و ئەندازەگیری دەچن ،چونکە بەرەو حەقیقەتی باڵابوون دەچن باڵابوونیش لە ڕێی کەڵەکەبوونی ئەزموونە ئاگاییەکانەوە بە دەست دێ .

باڵابوونی ئەو هەستە لای من ، دەگەڕێتەوە بۆ کەڵەکەبوونی ئەو هەموو مەعریفەو ئەزموونانەی کە من و مێژووی خوداناسی پێیدا تێپەڕیوین. گەیشتووم بەو ئاستەی ئێستای خوداناسی.

حوکمی خودا ئەزەلیە .

هیچ بڕیارێکی خودا ، زەمەنی و مەکانی نیە.

واتە کات /شوێن نیە.

حوکمی خودا ئەزەلیە .واتە هەرهەبووەو هەرهەیەو هەردەبێ ، چونکە حوکمی خودا هەر خودی خودا خۆیەتی . پێشخستنی هەر بابەتێک لە پێش حوکمی خوداوە ، ئەوا حوکمی خودا لاواز دەکات و دەیسەلمێنێ کە ئەمە حوکمی خودا نیە .

بۆ نموونە دروست بوون و لەناوچوون حوکمی خودایە . لەوەتەی دونیا هەبووەو هەیە ، هەر هەبووەو هەر بەو شێوەیەیە.

بەڵام داتاشینی حوکم بۆ خودا بەناوی ئاین ،هەموو حوکمەکانی ئەزەلی نین و کاتین وکات و شوێنی خۆیان هەیە و دەیسەلمێنێ کە ئەمە حوکمی خودا نییە. بۆ نموونە حوکمێک بەناوی حیجاب و نیقاب ،لەسەردەمی ئاینە ئیبراهیمیەکان دروست بووەو پەیوەستە بەکات و شوێنێک کە وڵاتی شام ودوورگەی عەرەبی دەگرێتەوە. لە سەرێکی ترەوە پێشخستنی ویستی مرۆڤ بەسەر حوکمی خوداوە ، حوکمەکە لاواز دەکات و دیسەلمێنێ کە ئەمە حوکمی خودا نیە .

واتە: خودا دەستەپاچە بووبێ بەرامبەر بڕیاردان تا ئەو کاتەی مرۆڤ گەیشتۆتە ئاستی قوماش دروست کردن وسەردەمی ڕستن وچنین ، ئینجا دەست کراوە بووبێ لە بڕیاردان بە حیجاب کردن و نیقاب کردن. بۆیە ئەو حوکمانەی کە لەنێو پەیامە ئاسمانیەکاندا هەن ، هەمووی حوکمی ئاینین و هیچ پەیوەندیەکیان بەخوداوە نییە.

تا ڕزگارمان نەبێ لە ڕۆتینیاتی بیرکردنەوە، هەرگیز ناگەین بە حەقیقەت.

بیرکردنەوەی مرۆڤ هەر لە نێو بازنەی من چیم؟ من کێم ؟ من لە کوێوە هاتوم ؟ من بۆ کوێ دەچم ؟ کێ منی دروست کردوە؟ ئەی کێ ئەوی دروست کردوە کە منی دروست کردوە؟ ئەم پرسیارانە تەنها خول خواردنەوەیە بە دەوری بازنەیەکدا و مانەوەیە لە نێو قەفەزی ئەو بازنەیەداو نایەڵێ لێی دەرچی.

بێگومان ئەگەر عەقڵی خۆمان ئازاد کەین لەو جۆرە پرسیارانە، ئەوا ئازاد بوونمانە لەو قەفەزە زێڕینەی بەناوی پیرۆزیەکانەوە بۆ خۆمان دروستمان کردوەو تێیدا کۆمەڵێک پرسیارمان لە مێشکی خۆمان دا بەرزو پیرۆز ڕاگرتوەو خۆمان تێیدا بەند کردوەو دەرگامان لەسەر خۆمان داخستوە ، لە ڕاستیدا ئەو پرسیارانەی کە بۆتە قەفەزی زێڕینی بیرکردنەوەمان ، وەڵامەکانی لە دەرەوەی ئەو قەفەزەدایە. کاتێک تۆ هێزی خولقاندن لە خودی خۆت دەسەنیتەوەو دەیبەخشی بەهێزێک لە دەرەوەی خۆت، ئەوا تۆ تووشی دوو هەڵوێستی سەخت دەبی ، یان بابڵێین خۆت تووشی دوو هەڵوێستی سەخت دەکەی

یەکەم / خودی ئەو هێزە خوداییە کە لەنێو خودی تۆدا سەرهەڵدەدات و ئەو هێزە سفر دەکەیتەوەو لە پێناو هێزێکی خەیاڵی (سفر) خۆت فەنا دەکەی .

دووەم /پێ بەخشینی ئەو هێزە ناوەکیە بەهێزێکی دەرەوەی خۆت ، کە دیار نیەو هیچ زانراوو گرێنتی نیە کە هێزێکی لەو شێوەیە لە دەرەوەی خۆت دا بوونی هەبێت .

تۆ بەم دوو هەڵوێستە ،دوو ستەم دەکەیت

یەکەم / ستەم لە خوا . کە ئەو هێزە هاوتایە لەگەڵ بوون و پەیدابوونی تۆ .

دووەم / ستەم لە خۆت . کە توانایی ئەو هێزە دەبەخشیت بە دەسەڵاتێک لە دەرەوەی خۆت کە هەر بە مێشکی خۆت دروستت کردوەو لە پێناویدا خۆت فەنا دەکەی لە وجودی خۆت.

ئەو مافە بۆ خودا بگێڕەوەو خۆت لە کۆیلەبوونی خۆت ڕزگار بکە.

خودا بریتیه لە هۆشێکی مەزن.

هەموو شتێک ژێربارە(مسخر) بۆ ( هۆش) خاوەن هۆش کەسێکی هۆشمەندە

هەموو شتێک هۆشی خۆی هەیە چونکە خودا لە نێو هەموو شتێکدایە .

خودا ، هۆشی هەموو شتەکانە. بەڵام هۆشی ڕۆتینیاتی ژیانکردن جیایە لە هۆشی بنیاتنان و داهێنەرانە. هۆشی داهێنەر ،لە سەرووی هۆشی ژیان کردنەوەیە. هیچ شتێک ژێربار(مسخر) نیە بۆ هیج شتێک . بەڵام هەموو شتێک ژێربارە(مسخر) بۆ هۆش.

با ئەو هاوکێشەیە دەسکاری بکەین کە پێی وایە (هەموو شتێک ژێربارە بۆ مرۆڤ ) نەخێر وانیە . چونە ئەگەر مرۆڤێک هۆشی نەبوو، ئەوا بێگومان ئاژەڵێکی ڕاهێنراو لەسەر هۆش ، لەو هۆشمەندترە.

مامۆستایەک بۆی گێڕامەوە گوتی : ئێمە کۆمەڵێک مامۆستا نێردراین بۆ دەرەوەی وڵات بۆ بینینی ڕۆڵی پەروەردەو خوێندن لە یەکێک لە وڵاتە ئەوروپیەکان . لە شوێنێکی شەقامەکە گڵۆپی سوور هەڵکرا و ئێمەش پەڕینەوە . بەڵام سەگێک نەپەڕیەوەو چاوەڕێی هەڵکردنی گڵۆپی سەوز بوو بۆ پەڕینەوە. کاتێ گڵۆپی سەوز هەڵکرا ، ئینجا سەگەکە پەڕیەوە . ئێمەش گوتمان : ئەو سەگە لە ئێمە هۆشمەندتر بوو ، چونکە ئەو بەپێی ڕێنماییەکان، یاساکان جێبەجێ دەکا.

بۆیە هۆشمەندانە بژین ،چونکە هۆشمەندانە ژیان ، واتە : ژیان لەگەڵ خودا.

کات وشوێن ،دۆخی ئێستای ئێمەی دروست کردوە. نەک خودا.

بیهێنەپێش چاوی خۆت .کات و شوێنی ملیۆنێک ساڵ بەر لە ئێستا دەبێ چۆن بووبێ. ئایا دەکرێ ئەو دۆخەیەی ئێستای ئێمە گونجاو بووبێ لەگەڵ ئەوکات و شوێنەی بەر لە ملیۆن ساڵ؟ بێگومان نەخێر . ئەی دوای ملیۆنێک ساڵ بەو پێشکەوتنەی ئێستاوەو ئاستی ئاگایی ئێستاوە، ئایا دەکرێ مرۆڤ هەر ئەو دۆخەی ئێستای ببێ ؟ بێگومان نەخێر .چونکە هەموو شتێک بەتێپەڕبوونی کات و گۆڕانی شوێن ،دۆخەکەی دەگۆڕێ . بەهەمان شێوە مرۆڤیش دۆخێکە لە دۆخەکان کە گۆڕانکاری بەسەردا هاتوەو بەسەر دادێ.

خودا خولقێنەر نیە چونکە خولقاندن بۆ زاتێکە لە دەرەوەی شتەکان بێ ، بەڵام خودا خۆی بوونەو بوونی هەموو شتێکە. واتە لەنێو بوونەکاندایە گەشە بە دۆخی شتەکان دەدا بەپێی کات و شوێنەکە.

خۆشەویستی خودا.

ئەرێ ئایا شتێک هەیە بەناوی خۆشەویستی خودا؟ شتێک هەیە بەناوی خۆشەویستی بۆ خودا و لە پێناوی خودا؟ ئایا خودا پێویستیی بە خۆشەویستی هەیە؟ ئەی مرۆڤ پێویستی بە خۆشەویستی خودا هەیە؟ ئەرێ خۆشەویستی لەنێوان مرۆڤ بەتایبەتی و گشت بوون بەگشتی هەیە؟ ئەگەر هەیە ، هەمان ئەو هەستەیە کە لەنێوان دوو کەسی عاشق و مەعشوق دا هەیە؟ ئەمانەو چەندەها پرسیاری تریش.

جارێ سەرەتا دەبێ ئەوە بزانین کە خۆشەویستی دەبێ لەنێوان دوو بوون دا بێ ،لە یەکێکیانەوە دەربچێت و بگات بە ئەویتر . بەڵام ئایا مرۆڤ و خودا دوو بوونن ؟ تاکو خۆشەویستی لە یەکێکیانەوە دەربچێت و بگات بە ئەویتر ؟ ئەگەر وابێ ، ئەو کاتە خودا وەکو هەر بوونێکی تر ، ئەویش بوونێکە بۆ خۆی ، هەرشتێکیش بوون بێ ، دروستکراوە . هەر شتێکیش دروستکراو بێ، شایانی خوایەتی نییە .

کەواتە نابێ خودا ، بوون بێ .چونکە ئەو کاتە وەک هەر بوونێکی تر بوونی دەبێ.

کەواتە : ئەو خۆشەویستیەی نێوان مرۆڤ و خودا کە ئاینەکان بانگەشەی بۆ دەکەن، تەنها درۆیەکی گەورەیەو بۆ فریودانی باوەڕدارانەو بەو هۆیەوە خەڵک لە دەوروبەری ئاین کۆ دەکەنەوەو بازاڕی ئاینەکەیانی پێ گەرم دەکەن . ئەی چارە چیە ؟ لە کاتێکدا ئێمە هەست بە خودا دەکەین و هەست دەکەین هەست و سۆزمان بۆ خودا دەجولێ؟

بەڵێ ئێمە هەست و سۆزمان بۆ خودا دەجوڵێ ، چونکە خودا خۆی بوونە ئێمەش بەشێکین لە بوون . ئەم بەش و گشتە کە گرێدراوی یەکترن . ئەمەیە هۆکاری ئەو خۆشەویستیەی کە ڕواوە لە ناخماندا.

هیچ بوونێک نیە ڕقی لە خودابێ ، بە پێچەوانەوە هەموو بوونێک سۆزی بۆ خودا هەیە .چونکە سەرچاوەی بوون ، خودایە. تەنانەت ئەو کەسانەش کە ڕقیان لە خودایە، تەنها ڕقیان لەو خودایەیە کە مرۆڤەکان بە ئەندێشەو خەیاڵی خۆیان دایانتاشیوە و بەرگی پیرۆزی ئاینیان کردوە بەبەردا . واتە تەنها ڕقیان لە خودای دەسکردو دروستکراوە نەک خودای ڕاستەقینە.

کەواتە ئەی ئەو خۆشەویستیە چۆن لە منەوە یان لەتۆوە دەربچێت و بگات بەخودا؟ لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە سۆزوخۆشەویستیی خودا ،ئەو سۆزوخۆشەویستیە نیە ئاینەکان باسی لێوە دەکەن. چونکە ئاینەکان پێیان وایە سۆزوخۆشەویستی لە مرۆڤەوە دەردەچێت و دەگات بە خودا . بەڵام لە ڕاستیدا خودا هەرلەنێو خودی مرۆڤدایە . کەواتە ئەو سۆزوخۆشەویستیە هەرلەخودەوە دەردەچێت بۆ خود . خودی مرۆڤ بەو سۆزوخۆشەویستیە بارگاوی دەبێت. ڕەنگە دەروونناسان ئەمە بەنەرجسیەت لێک بدەنەوەو بیشوبهێنن . بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە سۆزوخۆشەویستیە ڕاستەقینەکەیە.

هەست کردن

ئایندارەکان پێیان وایە کەتەنها لەڕێی بەندایەتی وکۆیلایەتیەوە هەست بەخودا دەکەین . بەندایەتیشیان بەستۆتەوە بەچەند کردارێکەوە کە ئەنجامی دەدەن وەک نوێژو ڕۆژوو چەند دروشمێکیتر و لەو ڕێیەوە هەستی ترس و خۆشەویستی (ترس وخۆشەویستیەکی وەهمی) پەرە پێ دەدەن و پێیان وایە ئەمە هەست کردنە بەبوونی خودا.

وە پێیان وایە کە هەرکەسێک نەگەیشتبێتە ئەو ئاستە وەهمیە ، ئەوا بێ هەستە بەرامبەر بە خودا. لەکاتێکدا خودا نەترسەو نەخۆشەویستیە ،چونکە خودا پێویستی بەو جۆرە هەستانە نیە ، ئەم جۆرە هەستانە تەنها هەبوونەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

خودا هەستی هەموو جۆرە هەستەکانە ،لە سەرووی هەمووشیانەوە، خودا هەستی تێگەیشتن و ناسینە. خودا هەستی هۆش و هۆشمەندی و هۆشیاریە. خودا هەستی داهێنان و گۆڕانکاری و نوێخوازیە. خودا هەستی هەوڵ دان و کۆشش کردنە . هەستی ماندوونەناسی و سەرکەوتنە.

مرۆڤ لەم دەرچانەوە دەگات بەخودا، لەم پەنجەرانەوە خودا دەبینێ.

خورافاتی زیندوو بوونەوە.

چەندین هەزار ساڵە ئاین مرۆڤایەتی خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە بە بیانووی زیندوو بوونەوە.

بەڵام خودا هەموو بوونی لە نەخشەیەکی زۆر سادەو بچووکدا خستۆتە بەردەم مرۆڤ و لە هەمان کاتیشدا عەقڵی پێداوە تاوەکو شرۆڤەی بکات و هەڵیسەنگێنێ . بیهێنە بەرچاوی خۆت . ئەو هەستە سرووشتیانەی کە خودا داویەتی بە مرۆڤ ، کاتێک ئەو هەستانە لە دەست دەدەی ، هەرگیز جارێکیتر ئەو هەستانە بە شێوە سرووشتیەکەی خۆی بۆ مرۆڤ ناگەڕێنەوە، مەگەر هەستێکی دەسکرد بخرێتە شوێنی.

بۆ نموونە: مرۆڤ هەستی دەست لێدان و بەرکەوتنی لە دەست دەدا . کە لە ڕێگەی ئەو هەستەوە مرۆڤ هەست بەگەرمی و ساردی و ئازار جەشتن دەکات.بەڵام کاتێک بەهەر هۆکارێک تۆ ئەو هەستە بەتەواوی لەدەست دەدەی، ئەوا هەرگیز ئەو هەستە بەشێوە سرووشتیەکەی خۆی جارێکیتر بە دەست ناهێنیتەوە.

بەهەمان شێوە، ئەو ژیانەی کە بە ئێمە دراوە ، ئەمەش خۆی لە خۆیدا جۆرە هەستێکی سرووشتیە (هەستی ژیان) واتە هەست دەکەین کە هەین . بەڵام کاتێک ئەو هەستە لە دەست دەدەین ئەوا هەرگیز جارێکیتر ئەو هەستەمان بۆ ناگەڕێتەوە. چونکە ئەمە یاسای خودایە بۆ هەستەکان.

## خودا هۆشە ، بوونیش هەستە

لەوانەیە بپرسن و بڵێن: ئایا جیاوازی ئێمە لەگەڵ خودادا چیە؟

پرسیارێکی بەجێیە

خودا هۆشێکی مەزنە لە نێو هەرشتێکدا بوونی هەیە . کاتێک دەڵێین (بوونی هەیە) واتە: هەست کردن بە ژیانی تێدایە. دیزاینی ئەو بوونە پەیوەستە بەو هۆشەوە . بەپێی ویستی ئەو هۆشە ، ئەو بوونە دیزاین دەکرێ.

سەبارەت بە بوون . بوونیش تەنها هەستێکە کە ئەو هۆشە مەزنە بەو بوونەی بەخشیوە . واتە ئێمە لە ڕێی ئەو هەستەوە دەزانین کە دەژین و لە ژیانداین .

جیاوازی ئێمە لەگەڵ خودادا ئەوەیە کە (خودا بریتیە لە هۆشێکی مەزن . وە بوونیش بریتیە لە هەست کردن بە ژیان) ئێمەش وەک مرۆڤ ، مەودای نێوان ئەو هەست و هۆشەین.

ئێمە پەیامبەری ڕاستەقینەین

بەو پێیەی خودا هۆشێکی مەزنە بۆ هەموو شتێک ،وە هەموو شتێکیش بریتیە لەهەست. بۆیە ڕایەڵەیەک هەیە لەنێوان ئەو هۆش و هەستەدا کە پەیامی هۆش دەگەیەنێ بەهەموو هەستێک ،یان دەبێ پەیامی ئەو هۆشە بگەیەنێ بە هەموو هەستێک ، ئەو ڕایەڵەیەو گەیەنەرە بریتیە لە مرۆڤ کە پەیامبەری گەیەنەری پەیامی هۆشە بەگشت هەستێک . لێرەوە تێ دەگەین کە کارە سەرەکیەکەی مرۆڤ و مرۆڤایەتی چیە.

کەواتە ئێمەین پەیامبەری ڕاستەقینە بەو شێوازەی ڕوونم کردەوە نەک بەو شێوازەی کە ئاین وێناو پێناسەی بۆ کردوە بەو پێیە هەریەک لە ئێمە نوێنەرێک و پەیامبەرێکە لەسەر زەوی. ئێستا ڕێژەی دانیشتوان کە هەشت ملیارە ،واتە هەشت ملیار پەیامبەر هەیە ،هەریەکەو بە ئاستی خۆی.

هیچ حەقیقەتێک نیە سەد لە سەد ڕاست بێ.

ڕەنگە ئەم ناوونیشانە تووشی شۆکت بکات و بپرسی ئەی خودا کە حەقیقەتە؟ بەڵێ ئەم حەقیقەتە بۆ خوداش هەر ڕاستە .چونکە هیچ حەقیقەتێکی خودایی سەد لە سەد ڕاست نیە.

خودا بابەتێکە کە حەقیقەتەکەی لە گەشە کردن و زیاد بوون و فراوان بوون دایە. بۆ ئەوەی زیاتر لەو مەفهومە تێبگەی ، بێنە پێش چاوی خۆت تۆ تۆوی بەرووبوومێکت چاندوە . ڕۆژی یەکەم وێنەیەکی ئەو حەقیەتە بگرە و سەیرێکی بکە . دەبینی حەقیقەتەکە بریتیە لە شوێنی خاک کێڵانەکەو چاندنی تۆوەکە . نابێت و ناکرێ و ناشێ کە وێنەی ئەو حەقیقەتە بکەیتە ڕەها بۆ هەموو کاتێک و ئەم وێنەیە بکەیتە حەقیقەتێکی کۆنکرێتی . چونکە دوای مانگێکی تر ئەم حەقیقەتە لە دۆخێکەوە دەگۆڕێ بۆ دۆخێکی تر.

ئەوەی کە دەمێنێتەوە بیڵێین ئەوەیە کە ڕاستە ئەسڵی حەقیقەتە ناگۆڕێ کە تۆوەکەو سیفەتی بۆماوەیی تۆوەکەیە ، بەڵام وێنەی حەقیقەتەکە لە کات و سەردەمێکەوە دەگۆڕێ بۆکات و سەردەمێکی تر . خوداش بەهەمان شێوەیە ، ڕاستە ئەسڵەکەی حەقیقەتێکی نەگۆڕە کە ماهیەتەکەیەتی .بەڵام وێنەی ئەو حەقیقەتەکە دەگۆڕێ بە پێی پێشکەوتنی تێگەیشتنی مرۆڤ لە خودا.

چۆن وێنای خودا بکەین.

گەر بتەوێ لە ڕێی هۆش و هزرەوە وێنای خودا بکەی، خودا خۆی هۆشە بۆ هەموو خولقێنراوەکان . بۆیە لە کۆتاییدا خوداییێکت دەست دەکەوێ لە شێوەی خولقێنراوەکان کە دەست و قاچی هەیە دەم وچاوو گوێچکەی هەیە ، بارستایی هەیە، موڵکی هەیە . هێزی هەیە . توانای هەیە. ویستی هەیە.

کەواتە دەرچەی هۆش و هزر ، دەرگا لەسەر چۆنیەتی ماهیەتی خودا دادەخات و یەکسانی دەکاتەوە بەهەست . واتە گەر لەڕێی هۆشەوە بتەوێ خودا وێنا بکەی ، ئەوا خوداییێکت دەست دەکەوێ کە هەستی هەیە .

بەڵام لە ڕاستیدا دەبێ لە ڕێی هەستەوە وێنای خودا بکەین کە هۆشی هەموو شتێکە.

بارودۆخەکە بەم شێوەیەیە (ئێمە بریتین لە هەست، خودا بریتیە لە هۆش ) وە هۆش بارودۆخێکە بەشێوەی لایەنی ماددی وێنا ناکرێ تاکو خودا بخەینە ناو جەستەیەکەوە هەروەک ئاینەکان کردیان.

هۆش بۆ وێنا کردنی خودا نیە . بەڵکو هۆش بۆ دۆزینەوەی خوداو بۆ ناسینی خودایە. هەستیش بۆ هەست کردنە بە خودایەتی خودا لەنێو هەموو شتێکدا .

چۆن بزانین ئەو خودایەی کە لەنێو مێشکمان دا وێنامان کردوە خودایەکی ڕاستەقینەیە یان ساختە؟

ئاسانە

هەرکاتێک خودات شوبهاند بە جۆرێک لە دروستکراوەکان چ لە لایەنی جەستەیی و چ لە لایەنی هەست و ئیحساس ، ئەو کاتە ئەو خودایە خوداییکی دروستکراوو ساختەیە. نیشانەکانی ئەو جۆرە خودایە بەو شێوەیە . چیی گوتبێ ، هەر ئەوەیەو لەوە زیاتر هیچی تر ناڵێ . دیاری کردنی سەرەتاییک وکۆتاییێک بۆ پرۆژەو بەرنامەکانی . چەقبەستوویی و دۆگمایی لە هەڵوێست و کرداری . باوەڕی بە گۆڕانکاری و لادان نیە . باوەڕی بە ئازادی و بیرکردنەوە نیە. هەمیشە بیری لای کۆیلە کردن و ملکەچ پێکردنە. هەمیشە تەرکیزی لەسەر یەک خاڵە ، ئەویش خوایەتی خۆی . هەمیشە باسی خۆی دەکا .هەمیشە ستایشی خۆی دەکا . هەمیشە تۆ لەخۆیدا ون دەکا. ترس دەسەپێنێ . منەت دەکا . چاوی لە دانەوەی قەرزە چونکە پێی وایە کە هەرچی پێ بەخشیوی ، بە قەرز پێی بەخشیوی . خۆسەپێنەرە . دەسەڵات بەکارهێنەرە . زاڵکەرە. هێزو توانای خۆی بەراورد دەکا بەهێزوتوانای دروستکراوەکان. چاودێرە . هەڵەژمێرە. لە بۆسەدایە. بە بیانوە . بیانووگرە. توڕە دەبێت و دڵخۆش دەبێت . زانستی خۆی بەراورد دەکا بە زانستی بوونەوەرەکان. جیاوازیی دەخاتە نێوان لایەنگرانی خۆی و نەیارانی خۆی . هەندێ کەس بە دوژمنی خۆی دەزانێت و هەندێ کەس بە دۆستی خۆی. ڕق ئەستورە .حەزی لە کورسیی دەسەڵاتەو حەزی لە حوکم کردن و فەرمان دەرکردنە. ناتوانم تەواوی سیفەتەکانی ئەو خودایە ساختەتان بۆ بژمێرم ، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە حەقیقەتی خودای ساختەیە.

بەڵام خودای ڕاستەقینە، ڕێک پێچەوانەی ئەو سیفەتانەیە کە باسمان کرد . لە بابەتی داهاتوودا باسی خودای ڕڵستەقینە دەکەین.

چۆن بزانین ئەو خودایەی کە لە مێشکماندا وێنامان کردوە خودایەکی ڕاستەقینەیە یان ساختە؟ (بەشی دووەم)

نیشانەکانی : لەو ڕێگایەوە خۆی پێمان ناناسێنێ کە ئێمە بیرمان لێکردۆتەوە ( نە لە ڕێگەی قسەکردن لەگەڵ هیچ کەس ، نە لە ڕێگەی ترس و تۆقاندن ، نە لە ڕێگەی خۆسەپاندن ، نە لە ڕێگەی دەسەڵات و خۆ بەگەورە زانین و هێز بەکار هێنان و خۆ بەراورد کردن و هەموو ئەو جۆرە بابەتانە) هەموو شتەکان سەرەتاو کۆتاییان لەنێو قۆناغەکاندایە ونە هیچ سەرەتایەکی دەسپێک و نەهیچ کۆتاییەکی کۆتا بوونی نیە. چەقبەستوویی ودۆگمایی نیە لەهیچ کاروبارێکدا. تەواوی سیفەتەکانی بەخشیوە بەتەواوی شتەکان نەک بەخۆی (بۆ نموونە : هێزو دەسەڵات . خودا دابەشی کردوەو بەخشیویەتی بەهەموو شتێک و خۆی پێویستی پێی نیە . نموونە : دەسەڵاتی بەخشیوە بەسرووشت بۆ گەشەپێدان و ژیان کردن لەهەر شوێنێکی گەردوون ، وە هێزیشی پێ بەخشیوە بۆ وێران کردن) هەموو گۆڕانکاریەکی خستۆتە ناو خودی گەشەکردنی شتەکانەوە. ئازادی بەخشیوە بەهەموو شتێک وهیچ شتێک لەخودی خۆیدا کۆیلەیی قەبوڵ ناکا. هەرگیز باسی خودایەتی نەکردوە چونکە بە پێویستی نەزانیوەو نەیویستوە هیچ کەسێک لەو بەرگەدا خۆی لەوانیتر بکات بەخودا. مەدح و ستایش لەگەڵ خودی شتەکاندا گەشە دەکا و هەموو شتێک شایانی مەدح کردنە بۆ خودی شتەکە تاکو بەو مەدح وستایشە جوانتر گەشە بکات. خودا لەنێو تۆدا ونە و تۆ پێویستە لەنێو خۆتدا بیدۆزیتەوە، نەک تۆ لەناو ئەودا ون بی. هەموو شتێکی بەهەموو شتێک بەخشیوە نەک بە قەرز. ویژدانی کردوە بەچاودێر نەک خۆی چاودێرت بێ . عەقڵی کردوە بە ڕابەر نەک خۆی ڕابەرت بێ . دەسەڵات دەبەخشێ بەهەرکەسێک کە بیەوێ تەنانەت ئەگەر کەسێکی ستەمکاریش بێ.هەموو سیفەتێکی بەهەموو شتێک بەخشیوە نەک خۆی ئەو سیفەتانەی هەبێ. ئەو بابەتە ئەگەر لەسەری بنوسم هەرگیز تەواو نابێ ، بەڵام مشتێک نموونەی خەروارێکە.

بوون زۆر ئاڵۆزە.

ئاینەکان پێیان وایە (خودا) بوونە. بۆ ئەو مەبەستە ، هەزارەها پەرتوکیان لەسەر بەڵگەی بوونی خوا نوسیوەتەوە. بێ ئاگا لەوەی خودا بوون نیە . چونکە هەموو بوونێک ، سەرەتاو کۆتایی خۆی هەیە . بوون واتە ماددەیەکی دیاری کراو . ماددەی دیاریکراویش دەبێ کەرستەیەکی هەبێ بۆ خوڵقاندنی ئەو بوونە ، وە ئەو خوڵقێنراوەش دەبێ لەلایەن دروستکارێکەوە دروستکرابێ . بۆیە ناتوانرێ خودا بخرێتە ناو ئەو هاوکێشەوە. چونکە بیروباوەڕی ڕاستەقینە بە خودا، لەسەر ئەو بنەمایە ناتوانرێ دابمەزرێنرێ. .

بۆیە ناتوانین هیچ بوونێک بۆ خودا دیاری بکەین . چونکە خودا ،بوون نیە. بەڵکو بنچینەی بوونە . وە ئەو بنچینەیەش بریتیە لە هۆشێکی مەزن .

هەر لەبەر ئەو بنچینەیەیە کەوا (بوون )زۆر ئاڵۆزە. بوونی من وەک مرۆڤ ، یان بوونی درەختێک وەک درەخت ، یان بوونی ئاژەڵێک وەک ئاژەڵ ، هەروا ئاسان نەبووەو هەروا ساناش کۆتایی نایە.

بوونی من وەک ئەو جەستەیەی ئێستاو وەک ئەو ئەو تووەی پێشووتر .هەروا ئاسان نەبووە .بەڵکو ملیۆنەها قۆناغی بڕیوە . بەڵکو قۆناغەکان هەر کۆتاییان نایە بۆ دروست بوونی من بەو شێوەیەو لەم قۆناغەدا . ئەو بوونە هەر بەردەوام دەبێ . بەڵام چۆن؟؟ تەنها ئەو هۆشە مەزنە دەیزانێت و دیزاینەری دووبارە داڕشتنەوەیەتی لە قۆناغەکانی داهاتووشدا . کە هەرگیز قۆناغەکانی بوون کۆتاییان نایە و هەر هەرهەبوون ،هەرهەن و هەر دەشبن.

گاڵته بەخوا مەکەن .

کۆمەڵگای مرۆیی هەرگیز دابڕاو نەبوە لە هەستی خوداناسی.

بۆیە بۆ ئەو مەبەستە ، پێش قۆناغی کشتوکاڵی ،پەرستگەی بۆ دروست کردوە. بەپێی تێگەیشتنی خۆی ، چەند بیرو باوەڕێکی خستۆتە سەر ئەو هەستە تایبەتە مرۆییە . بەپێی گۆڕانکاریەکان و پێشکەوتنی مرۆڤ لەگشت بوارەکان دا و هاوشان پەرەسەندنی کلتوورەکان ، ئەویش چۆتە قۆناغێکی تر و ئاینی لێ پێکهێناوە .واتە ئاین کۆکەرەوەی داب ونەریت وکلتورو خوداناسی و سیحرو جادوو و زانست و پێشبینی و لەهەمان کاتدا سیاسەت و هێزی چەکداری و بەرگری و کاهینی ئاینی و کۆمەڵێک بابەتی تریش .تاوای لێهات ئەو هەستە خواییە لەنێو ئەو هەموو مەعمەعەیەدا ون بوو . خودا تەنها وەک قەڵغانێک بەکاردەهێنرا بۆ ئەو هەموو ژانرانەی کە ئاین دەستی بەسەردا گرتبوون .

تا لە دوا لوتکەی دایناسۆریدا گەیشتە پەلهاوێشتن بەناوی جەنگ و جیهادو بانگەشەو بانگەواز و دروستکردنی ئیمبڕاتۆریەت . تا کار گەیشتە سەر بیرۆکەی یەک قوتبی و دەست گرتن بەسەر هەموو دونیادا.

بۆیە لەهەر قۆناغێکی گۆڕانکاریدا کۆمەڵێک ئاینی تازە هاتنە دونیاوە،تا ژمارەی ئاینەکان لە ئێستادا گەیشتۆتە (٤٣٠٠) ئاین هەر ئاینێک یان هەر کۆمەڵە ئاینێک ،جۆرە ڕوئیایەکیان بۆ خوداناسی هەبوو. بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو بیروباوەڕە دەسکردانەدا ، هێشتا باڵادەستی ئاین بەسەر بیروباوەڕی خۆڕسکانەی خەلکدا نەیتوانی خوداناسی ڕاستەقینە لەناو بەرێ . چونکە بیروباوەڕی خوداناسانەی ڕاستەقینە، هەر لەگەڵ لە دایک بوونی مرۆڤ ،بوونی هەیەو لەگەڵ گەشە کردنی هۆش و تێگەیشتنی مرۆڤ چەکەرە دەکات و گەورە دەبێ. بۆیە هیچ هێزێکی دەرەکی ناتوانێ ئەو هێزە ناوەکیە تێک بشکێنێ . تەنها دەتوانێ پەردەیەک بدا بەسەریاو لێڵی بکات. بۆیە دەبینین خوداناسە ڕاستەقینەکان لەهەرکوێیەکی دونیا بن و لەسەر هەر دینێک بن ، هەمان ڕوئیاو هەمان ئاڕاستەی خوداناسیان هەیە.

بەڵام ئەوەی کە گرنگە بیڵێم ئەوەیە : بەشێوەیەکی گشتی ، هەموو مرۆڤەکان خوداناسن. تەنها هۆکاررێک وای کردوە کە لەسەر ئەم دین و ئەو دین بن . جا لەوانەیە هۆکارەکە داب و نەریت بێ یان جوگرافیا یان نەتەوە یان

ئایدۆلۆژیا یان فیکرێک یان فەرهەنگێک بێ. بۆیە گاڵتە بەخودای هیچ کەسێک مەکەن . چونکە هەموومان خوداناسین و یەک جۆر خودا ناسیمان هەیە. تەنها ڕووی چەکەکانتان بکەنە ئاینەکان و تۆمەت باریان بکەن بەو ڕەخنانەی کە هەتانە. خودا بێ نیازە لە ئاینەکان.

51

## یاسای خودا لەگەڵ شەریعەتی ئاینەکان هاودژە.

شەریعەتی ئاینەکان لەسەر بنەمای کەلەپوروکلتور داڕێژراوە. لە کاتێکدا خودی مرۆڤ دروستکەری ئەو کەلەپوروکلتورەیە. ئایا دەچێتە عەقڵەوە ،خودا یاساکانی خۆی بخاتە دواوەی کەلەپوروکلتورە مرۆیەکانەوە . یاساکانی خودا سرووشتین و ئەزەلی و ئەبەدین . ئایا دەکرێ یاسا سرووشتیەکانی خودا بخرێنە دوای یاسا دەسکردەکانی مرۆڤ؟

بۆ نموونە : لە یاسای خودادا هەرگیز خودا لە نێو کۆمەڵەیەکی دیاریکراودا هەرگیز دوو پۆلێنبەندی دژەیەکی دروست نەکردوە . تاکو بەشێکیان بەشەکەی تر لەناو ببا . بۆ نموونە : میکرۆب .هەرگیز خودا لە هەمان جۆری میکرۆبدا زیان بەخش و سوود بەخشی دروست نەکردوە. خۆ ئەگەر قاعیدەیەکی شازیش هەبێ لەو لایەنەوە ،هەرگیز ڕێنمایی نەداوە بە میکرۆبە سوودبەخشەکان بۆ لەناو بردنی میکرۆبە زیانبەخشەکان.

بۆ لەناو بردنی میکرۆبە زیانبەخشەکان، کۆمەڵەی تری دروست کردوە ، بۆ نموونە خڕۆکەی سپی لە لەشدا .واتە میکرۆب بەرامبەر خڕۆکەی سپی . نەک میکرۆب بەرامبەر میکرۆب بۆ لەناو بردن و قڕکردن.

بەڵام لە شەریعەتی ئایندا وانیە . بەڵکو لەهەمان پۆلێنبەندیدا ڕێگە بەو کارە دراوە. واتە مرۆڤی سوودبەخش ،مرۆڤی زیانبەخش لەناوبەرێ . ئەمە پێچەوانەی یاسای خوایە چونکە بە گوێرەی یاسای خودا ، دەبێ مرۆڤە زیانبەخشەکان کۆمەڵەیەکی تر لەناویان بەرێ نەک لەهەمان گروپ و کۆمەڵە

ئەمە بەڵگەیە کە شەریعەتی ئاینەکان هەڵقوڵاوی کەلەپورو کلتورە و هیچ پەیوەندیەکی نیە بە یاسای خوداوە.

پێڕست


| | |
|---|---|
| وتەی نوسەر | 2 |
| پێشەکی | 3 |
| پیرۆزیەکان | 4 |
| نەفرەتیەکان | 5 |
| ڕاستیەکی بنەڕەتی | 6 |
| شوێنکەوتنی سوننەتی خودا | 7 |
| سۆزی خودایی | 8 |
| بوونی خودا یان خودابوون؟ | 9 |
| ڕاستیە پێکەوە بەستراوەکان | 10 |
| تەنیایی بۆچی ؟ تاکەی؟ | 11 |
| گەشە کردن بەنێو کات دا | 12 |
| فوبیای (هیچ) | 13 |
| تازە بوونەوەی باوەڕبوون بە خودا | 14 |
| قانوون یان شەریعەت؟ | 15 |
| بەریەککەوتنی سیفاتەکان | 16 |
| توانایی(القدر) | ١٧ |
| شاهی شاهان | ١٨ |
| شێوەو سیفەتی خودا | 19 |
| میزاجی خودا | 20 |
| ناسین و باوەڕ | 21 |

خودی خودا بۆ ناسینە ، سیفەتەکانی بۆ باوەڕە 22
گەڕاندنەوەی مافی خودایەتی بۆ خودا 24
بیروباوەڕ، بنچینەی عەقڵە 25
بەختەوەری لە ناخدایە نەک لە ئاسمان 26
بنەمای نەگۆڕ لە سرووشتی مرۆڤدا 27
ئێمە لە کوێوە هاتوین و بۆ کوێ دەچین؟ 28
زانست، خەیاڵ دەکاتە ڕاستەقینە، بەڵام ئاین دەیکاتە وەهم 29
ئەگەر خودا هەموو شتێک بێ، 30
تێکشکاندنی پیرۆزیی خودا 31
نیشانەی ڕەزامەندیی خوداو نارەزایی خودا 32
هیچ هیوایەک لەسەر خودا هەڵمەچنن 33
هەرشتێک مرۆڤ دەستی پێی بگات، ئامرازە 34
لە ڕێگەی ئاگاییەوە هەست بە خودا بکە 35
خودا جیە؟ 36
حوکمی خودا ئەزەلیە 37
تا ڕزگارمان نەبێ لە ڕۆتینیاتی بیرکردنەوە....38
خودا بریتیە لە هۆشێکی مەزن 39
کات و شوێن ،دۆخی ئێستای ئێمەی دروست کردوە 40
خۆشەویستی خودا 41
هەست کردن 42
خورافاتی زیندوو بوونەوە 43
خودا هۆشە، بوونیش هەستە 44
ئێمە پەیامبەری ڕاستەقینەین 45
هیچ حەقیقەتێک نیە سەد لە سەد ڕاست بێت 46
چۆن وێنای خودا بکەین 47
چۆن بزانین(بەشی یەکەم) 48
چۆن بزانین(بەشی دووەم) 49

بوون زۆر ئاڵۆزە 50
گاڵتە بە خودا مەکەن 51
یاسای خودا لەگەڵ شەریعەتی ئاینەکان هاودژە 52